# ڕەنگدانەوەی ڕەوانبێژی لە هەردوو چامە کەی"نالی وسالم"دا

م.ی.حەسەن عەلی عومەر

زانکۆی کەرکوک /کولیژی پەروەردە

تاريخ استلام البحث ٢٠١٨/١/٢٠ تاريخ قبول النشر ٢٠١٨/٣/٥

ملخص البحث

نالي وسالم هما من ابرز الشعراء الكورد الكلاسيكيين وهما من الشعراء المجدين في الفنون البلاغية، و تظهر بصمتهما من خلال نتاجاتهما الشعرية، ففي هذا البحث الموسوم ب( أنعكاس البلاغة في قصيدتي نالي و سالم )، اخترنا شاعرين معروفين في الادب الكوردي، عاشا في القرن التاسع عشر الميلادي، وهما:(نالي وسالم) اللذان كانا ركيزتين اساسيتين، من الركائز الثلاثة التي قامت عليها المدرسة الكلاسيكية في الشعر الكوردي، وقد عاشا في ظل ازدهار إمارة بابان الكوردية، ثم عانيا من انهيار الامارة وسقوطها، وذاقا مرارة الخضوع والتشرد و الهوان في ظل السلطة العثمانية التركية، والقاجارية الفارسية. لقد اخترنا من نتاج الشاعرين قصِدتين مشهورتين في اوساط الادباء و المؤرخين والمثقفين الكورد المهتمين بألادب و التاريخ الكوردي، وهما، (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور!) لِنالی و قصيدة سالم ( جانم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر!) فالقصيدة الاولى كتبها(نالي)، وهو في بلاد الغربة الى اصحابهِ في السليمانية الذين كانوا يعيشون تحت ظل الاحتلال العثماني، يسألهم عن الاحبة واخبار المدينة، وماذا حل بهم من بعده، فيجيبه(سالم) بالقصيدة الثانية الممتلئة بالمرارة والحسرات.

يهدف البحث الى تشخيص الجوانب الانسانية والحنين والآم الفراق، حيث كان يربطهما علاقة صداقة حميمة وكونهما ايضا من نسل (الامارة البابانية) والتي كانت تحكم المنطقة وكانت مركزها مدينة السليمانية الحالية. اراد (نالي) من خلال قصيدته الشعرية والذي يميزها عن بقية قصائده، صياغتها على شكل رسالة يعبر فيها عن صدق مشاعره وحنينه الى دياره بعد انقطاعه بسبب سفرة الى بلاد الحجاز لاداء فريضة الحج. وعند عودته يقيم فترة من الزمن في بلاد الشام، ويبدو انه سمع بالاوضاع السيئة التي مرت بها الامارة بسبب المحتلين الاتراك. فاراد (نالي) التاكد من ذلك فيبعث بقصيدته الى الشاعر (سالم) والذي اجابه بعدم المخاطرة في المجيء الى الامارة كون الامارة قد سقطت تحت النفوذ العثماني.

ينقسم البحث الى ثلاث أقسام ، ففي القسم الاول نُعرف علم البلاغة و علم البيان و على ضوء الامثلة الشعرية للشاعران، نتطرق الى أقسام البيان بألآخص التشبيه والمجاز. أما في القسم الثاني نتطرق الى علم البديع و فيه ينقسم الى محورين، ألآول يشير الى تزيين الكلمة، وفي المحور الثاني يشير الى تزيين المعنى. لكن في القسم الثالث نتطرق الى علم المعاني بالأخص الخبر والانشاء، بعد ذلك تمت الاشارة الى الاهداف وملخص البحث باللغة العربية و تم تسجيل قائمتي الهوامش و المصادر

## پێشەکی:

ئەدەب بەشێکی سەرەکییە لە کلتوور و ڕۆشنبیری و ناساندن و بەرەوپێش چوونی زۆربەی گەلانی سەر رووی ئەم زەوی یە. بێگومان ڕەوانبێژیش وەکو لایەنێکی سەرەکی و گرنگ و دیاری ئەدەب لای زۆربەی شاعیرانی کورد و شاعیرانی دراوسێ گرنگی پێدراوە، بەڵام ئێمە لەم لێکۆڵنەوەیەدا باس لەدوو چامەکەی (نالی) و (سالم) دەکەین، کە بێگومان لە ژێر کاریگەریی شیعری فارسی و عەرەبی و تورکی دا نووسراوە، کە بە هەمان شێوە ئەم دوو شاعیرە کاریگەرییان کرووەتە سەر شاعیرانی تری کورد.

ڕەوانبێژی بەدیارترین و بەرفراوانترین هونەرە ئەدەبییەکان دادەنرێت، کە پانتایەکی زۆری لە هونەری شیعریدا بۆخۆی گرتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین هەر ئەو پایە گرنگەیە کە ڕەوانبێژی وایکردووە زۆرترین بیروڕای جیاواز لەلایەن نووسەرو ڕەخنەگرانەوە لە بارەی چەمك و پێناسە و بنەماو جۆرەکانی ڕەوانبێژی بخرێتەڕوو، نالی وسالم یەکێکن لەو شاعیرە سەرکەوتووانەی کە زۆر لە هونەرە ڕەوانبێژییەکانییان بەکارهێناوەو بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەم هونەرەیان بەکارهێناوە، ئەمەش دەست ڕەنگینی ئەودوو شاعیرەمان بۆدەخاتەڕوو.

## میتۆدی نووسینەوەی بابەتەکە:

لەم توێژینەوەیەدا کە لەژێر ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ڕەوانبێژی لە هەردوو چامەکەی"نالی و سالم"دا)دایەو، مێتۆدی نوسینەوەی بابەتەکە، ڕێبازی (وەسفی— شیکاری) بەکارهاتووە.

## ڕیزبەندی بابەتەکە:

هەروەها ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لە سێ بەش، بەشی یەکەم تایبەت کراوە بە لایەنی دەروازەیەك بۆ ڕەوانبێژی، کە باس لە ناساندنی ڕەوانبێژی زانستی ڕوونبێژی و بابەتەکانی بە تایبەتی ئەو بابەتانەی کە لە هەردوو چامەکان بەرچاو دەکەوێت، وەك (لێکچواندن وخواستن)وە بە چەندین نموونەی قەشەنگی(نالی وسالم) ئاشنا دەبین، لە بەشی دووەم دا تایبەتە بەباس کردنی زانستی جوانکاری و بابەتەکانی وە بەتایبەت ئەو بابەتانەی کە لە هەردوو چامەکە دەبینرێن وەك (ڕەگەزدۆزی وپێچان کردنەوەو دژیەك و.....هتد) وەك بەلگەش چەندین نموونەمان لە هەردوو چامەکەدا بۆ توێژینەوە کە بەکار هێناوە، لە بەشی سێیەم دا کە تایبەتە بە زانستی واتاناسی و بابەتەکانی لێرەش دا تایبەت بەو بابەتانەی کە لە هەردوو چامەکە دەردەکەوێت وەك( هەواڵ و دارشتن و بابەتەکانی دارشتن...هتد) بۆ لێکدانەوە سوودمان لە چەندین نموونەی هەر دوو چامەکەمان بینی، لە کۆتاییدا لێکۆڵینەوەکە ئەنجام و سەرچاوەکان و کورتە باس خراوەتەڕوو .

## بەشی یەکەم: ڕەوانبێژی:چەمك وپێناسە:

یەکەم: ڕەوانبێژی: بۆ چەمك و پێناسەی زاراوەی ڕەوانبێژی بیرو بۆچوونی زۆرو جیاواز هەیە لە ئەدەبی جیهانی بە گشتی و بە تایبەتی لە ئەدەبی کوردیدا، باشترین ڕاو بۆچوون لە سەرەتا دا پێویستە بگەڕێنەوە بۆ دەقێك لە قورئانی پیرۆز دا کە ئاماژە بە وشەی ڕەوانبێژی دەکات و دەفەرموێت"فاعرض عنهم وعظهم وقل لهم في انفسهم قولا بليغا"لێرەدا وشەی"بليغ"بە واتا (ڕەوان) دێت.(١)

لێکۆڵەران هەر یەکێکیان بە شێوەی جۆراو جۆر بۆ چوونەکانیان لە بارەی پێناسە و چەمکی ڕەوانبێژی خستۆتەڕوو. هەر لە بارەی ڕەوانبێژییەوە زۆر لە زاناو نووسەرە عەرەبەکان پێیان وایە کە ڕەوابێژی بریتییە لە کورت بڕی بێ کەم و کوڕی و درێژ بڕی بێ زیادەیی، خەلیل ئەحمەد ئەلفەراهیدی دەڵێت"ڕەوانبێژی ئەو شتەیە کە هەردووسەری هاتۆتەوە یەکترو کەچی بناوانی بێ پایانە".(٢) لە شوێنێکی تردا ابو هلال العسکری دەربارەی ڕەوانبێژی دەبێژێ "پێگەیاندنی هەموو واتا لە دڵی گوێگرو توانستن لە دەروونی و کاریگەری لەسەر دەروونی لەگەڵ وێنەیەك چێی ڕەزامەندی بێت ووتایەکی چاك . لەسەر ئەوەی مەرجی ڕەوانبێژی دەبێت واتاکەی زانراو بێت و گوتەکەی چێی ڕەزامەندی بێت، واتە بریتییە لە دەرخستنی واتاو چاککاری گوفتار. بەڵام ئیمام علي(ڕەزای خوای لێ بێت)، دەڵێت ڕوونبێژی دەرخستنی شێواندراوەکان و ئاشکرا کردنی کەم و کوڕی دوواکەوتووی بە ئاسانترین شێوە لە دەربڕین دا".(٣) بەڵام هەیە بە شێوەی جیاوازتر پێناسەی بۆ ڕەوانبێژی کردووە وەك د.ناصرالحلاوی و هاوڕێیانی دەبێژن "ڕەوانبێژی ئەو هونەرەیە کە دەشێ دروستکەر یان قسەکەر لە هێنانەوەی واتای پێوست، بە دەستە واژەی ڕاست و ڕوون جوان، مەبەست لەمەش خرۆشاندنی دەروونی و سۆزو قایلکردنە...ئەمەش نامێتە دی تەنها بە هەڵبژاردنی گوفتاری باش و ناياب و دارشتن لەسەر ڕێبازی دەربڕینی ئاخاوتن و بابەتەکان و بارودۆخی گوێگران".(٤) بەڵام ئەحمەد الهاشمی دەربارەی ڕەوانبێژی دەڵێت"ڕەوانبێژی لە ڕووی زمانەوە، واتا: گەیشتن و کۆتایی وەك دەووترێت: فلانە کەس گەیشتە مەرامی خۆی، واتە گەیشتە پێی، یان سوارەکە گەیشتە شار، واتە لە کۆتایی دا گەیشتە مەبەست، یان پیاوەکە گەیشتە پاراویی، ڕەوانبێژی ئەگەر بە شێوەیەکی شایستە بدوێ لەسەر چی لە ناخی خۆی دایە".(٥) کەچی علي جارم و مستەفا ئەمین وا ئەڕوانن ڕەوانبێژی "ڕەوانبێژی بریتییە لە بەجێ هێنانی واتای پایەدارو ڕوون بە دەستەواژەیەکی ڕاست و درووست و کاریگەری یەکی بە هێزی هەبێ لە دەروون دا، گونجاندن لەگەڵ هەموو ئاخاوتنێك کە لەو شوێنەی لێیدا دەووترێت، هەروەها لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پێی دا دەدوێن".(٦) لە زانکۆی قاهیرەشەوە د.بسیونی عبدالفتاح فیود بەم شێوەیە لەسەر ڕەوانبێژی دەدوێت:"ڕەوانبێژی تیلنیشانە و زانینی داڕان و بەکگەیاندنەو هەڵبژاردنی ئاخاوتنی ڕاستکردنەوەی بەشەکانێتی، هەروەها ڕەوانبێژی واتە کورتبڕی دواندن و درێژبڕی واتایە، جوانی دەربڕین و ڕاستگۆیی نیشانەیی و توانایی لەسەر ڕوونبێژی لەگەڵ جوانی سستم".(٧) م-سجادی لە کتێبی( مێژووی ئەدەبی کوردی ) دەربارەی ڕەوانبێژی دەڵێت "ڕەوانبێژی بریتییە لە( ڕووخسار و ناوەڕۆك ) بە شێوەیەکی توند و تۆڵ باوشیان بەیەك دا کردووەو لەیەك جودا نابنەوە، چونکە هەر یەکێکیان بەبێ ئەوەی تر وەك لەشێك وایە بەبێ( گیان ) بێ کەواتە ووشەکان لەشن وواتاکان گیانن".(٨) د.عەبدوڵڵا خدر مەولوود کاتێ ئاماژە بۆ ڕەوانبێژی دەکات وا دەدوێت"ڕەوانبێژی ئاوێنەیە کە گەورەیی و بیری وردو ڕۆشنبیریی شاعیر نیشان دەداتەوە. هەر بە هۆی ئەوەوە دەتوانین لاسایی کردنەوە لە داهێنان جیابکەینەوە، ئیدی ڕەوانبێژی یەکێکە لەو مەرجانەی کە هێزو تواناو گوڕی مانەوە، یا نەمری بە شیعر ئەبەخشێ ".(٩)

بەشێوەیەکی تر ڕەوانبێژی"بریتییە لە هێنانە دی هونەرێك کە بەهۆیەوە تایبەتی و خاسیەتێك دەدا بە ووتەی بێژەکان کە ئەرك و ئامانجی زمانەوانی فراوانتر دەکەن، بە جۆرێك دەیگۆڕێ لە تەنیا کاری گەیاندن و گفتوگۆوە دەیکا بە کەرەسەیەکی پێکهێنان و دروست کردنی هونەری چ لە پەخشانا بێت یا لە شیعردا".(١٠)

ڕەوانبێژی زۆر کات سوودمەندە بۆ خوێنەروو نووسەر. ئا ئەوەتا د.ئەدریس عەبدوللا ئاماژە بۆ دەکات و دەڵێت:"زانستێکی ڕەوانبێژییە، بەهۆیەوە خەڵکی فێری گەیاندنی تاکە واتاییك دەبن، بەڕێگەی لەیەك جیا، بەڕوون و ئاشکرایی و بە شێوازێکی جوان".(١١) ڕەوانبێژی دەربڕینی واتای بەرزو ڕوونە بەواتایی پاراوو بە شێوەیەکی وا کاریگەری لە دەروونی مرۆڤدا هەبێت و لەگەڵ باری پێویست دا بگونجێت. واتە"هەر ئاخاوتنێك کە دەکرێت یان نووسینێك کە دەنووسرێت ئەو کاتە دەکەوێتە ژێر ئالآی ڕەوانبێژیەوە، کە بچێتە دڵی گوێگرو کاریگەری بەسەر هەست و سۆزییەوە بێت، ئەگەر وا نەبێت ڕەوان نییەو لە جۆش و خرۆشێکی گەرمەوە هەڵنەقوڵاوە".(١٢) مەسعود یاسین چەلکی لە کتێبی"ڕۆڵی هونەرێن ڕونبێژی دچیکرناو تنێی هۆزانێ کوردیدا"دەربارەی ڕەوانبێژی دەڵێت:"ئەو پەڕی جوانی زمانە، شیرینی و ڕێکی ئاخافتن دەردەخات، مەبەستەکانی فراوانتر دەکات ئاسۆیەکی بێ پایان بە زمان دەدات بەهۆی وێنە سازی، هەروەها بەوشەی ڕەنگاو ڕەنگ دەیرازێنێتەوە و تام وچەشەی کاری گەری دەداتێ...".(١٣) واتە دەتوانین بەڵێن وشەی ڕەوانبێژی لە زمانی کوردیدا لێکدراوە"لە (ڕەوان+بێژ+ی)پێك هاتووە ووشەی(ڕەوان) بە واتای ڕەوانی دێت لە ڕووی واتاوە بەرامبەر پاراوی و لە ڕووی ووشەوە، وشەی(بێژ) ڕەگی چاوگی (وتن)ە، لەگەڵ پاشگری(ی)دا کە(ڕەوانبێژ) لە بەشی ئاخاوتنی هاوەڵناوەوە گۆڕیوە بۆ ناوی(ڕەوانبێژی)".(١٤) لە تێکڕای ڕایەکاندا ئەگەینە ئەوە کە ڕەوانبێژی ئاخاوتنی قسەکەرەو بەواتایەکی بەرز و ئاشکراو پاراوەو دەربڕێ و کاریگەری یەکی ئەوتۆی هەبێ بە هەست و نەستی کوێگرو خوێنەرەوەو، سۆزو خەیاڵی خوێنەر و نووسەر بە خۆیەوە بگرێ .

<u>دووەم</u>: زانستەکانی ڕەوانبێژی : <u>ڕوونبێژی:</u> ڕوونبێژی چەندین واتە بەخۆیەوە دەگرێ .

<u>لە ڕووی ووشەوە:</u> ڕوونبێژی وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە ئاوەڵناوی"ڕوون"واتە:{ بێ گەرد، پاك و ڕەوان}، لەگەڵ وشەی ڕەگی کاری ووتن"بێژی"و پاشگری(ی) کە بۆتە هۆی دروستکردنی ناوێکی واتایی ، بەم شێوەیە ووشەی ڕوونبێژی بە واتای ڕوونی و ئاشکرایی لەقسەکردن دێت، کە هیچ ئالۆزییەکی تێدا نەبێت.(١٥) علي جارم دەڵێت:" ڕوونبێژی بریتییە لە دەرخستن و ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوە".(١٦) دیارە( د.دیزیرە سقال) لەواتای ڕوونبێژی ڕای خۆی هەیەو دەلێت"ڕوونبێژی ڕوونی و ئاشکرایی یە، وەکو چۆن کوڕی عباس دەڵێت: ڕوونبێژی ئاشکرایی مەبەست بە ڕەوانترین گوتە، ئەمەش ئاشکرایە. وەك چۆن خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆز دا فەرموویەتی: [بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ]:[وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ فَيُضِلُّ اللهُ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ]:[صدق الله العظيم].(١٧) ڕایەکی تر هەیە دەڵێت:"ڕوونبێژی لە ڕووی زمانەوە ڕوونی و دەرخستن و ئاشکرابوونە"(١٨). ئەگەر بچینە ڕایەکەی د.بسیونی عبدالفتاح فیود، دەبینین بۆ پێناسەی ڕوونبێژی لە ڕووی ووشەوە دەڵێ:"ڕوونبێژی واتە ئاشکرابوون و ڕوونی دەربڕین، هەر دەرخستنێ بەشتێ لە ڕێی نیشانەیەکەوە یان لەڕێی هەر شتێ تر بێت، وەك دەووترێت ( شتەکەی درکانت بە ڕوونی ) ، واتە درکاندنێکی ئاشکراو ڕوون".(١٩)

<u>لەڕووی زاراوەوە</u>:ناوی یەکێکە لە زانستەکانی ڕەوانبێژی، ڕوونبێژی(علم البيان) خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:[بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ]: [الرَّحْمَنُ[١]عَلَّمَ الْقُرْآنَ [٢]خَلَقَ الإِنْسَانَ[٣]عَلَّمَهُ الْبَيَانَ[٤]]:[صدق الله العظيم].(٢٠) واتە مەبەستی خوای گەورەو مەهرەبان لە وە دایە کە خۆی بە ڕەحمەو مرۆڤی فێری قورئان کردووەو هەر ئەویش مرۆڤی خەلق کردووەو پاشانیش مرۆڤی فێری چۆنێتی خوێندنەوەی قورئان کردووە. بە شێوەیەکی تر ڕوونبێژی واتە"زانستێکە ئامانجی واتایەکە بەڕێگەو ڕێبازی جیاواز بۆ سەلماندنی لەسەر ئاشکرایی، مەبەستیان لەمە یەك واتاییە نموونە:{ئازایی و نەترسی یان ڕێز لێگرتن}، دەشێ دەربڕین لەسەری بەشێوەو ڕێگەی جیاوازبێت، ووتەبێژ یان داهێنەر ئەو خۆی ئەو شێوە ڕاڤەیە هەڵدەبژێرێ بۆ گەورەترین و بەهێزترین و کاریگەرترین ئاشکرایی لێ بێتەدی".(٢١) ڕوونبێژی بریتییە لە لێکچواندن و خوازەو درکە. کە ئەمانەش لە ئەدەب دا دەسکردی سۆزن، لە هەست وسۆزو ناخی نووسەردا دەردەکەون، کەواتە ڕوونبێژی بەشێکی سەربەخۆیە لە ڕەوانبێژی و لەو بابەتانە دەردەکەوێت کە چۆنییەتی گەیاندنی بیرو هەست و ئەندێشەو سۆزشی دەکاتەوە، ڕوونبێژی"تەنها ئاشکراکردنی مەبەست نییە بەڵکو داهێنانێکی هونەری وردە زیاتر ڕوو دەکاتە وێنەو وێنەسازی بەهۆی ئەندێشەوە..مەبەستەکەش دەخاتە چوار چێوەیەکی وەها گەش و نایاب کە سەرنج ڕابکێشێ".(٢٢) لە هەمان کات ڕوونبێژی لە ڕووی زاراوەوە"بریتیە لە و زانستەی کار بۆ دەرخستنی واتایەك بە چەند ڕێگەیەکی جیاوازدا، هەندێکی ڕوونترە لە هەندێکی کە، وەکاریگەریترە لەوەی تر، هەر یەك لەم ڕێگایانە تایبەتمەندی خۆی هەیە لەوێنەی واتا، پێشکەوتنی لەوەی تر هیچ جیاوازی نییە".(٢٣)

سێ یەم: ڕوونبێژی لەهەردوو چامەکەی نالی و سالم دا .

یەکەم: چەمك و پێناسەی لێکچواندن و بنەماکانی: لێکچواندن"ئاسانترین جۆری ئەو پێکهێنەرە ڕەوانبێژییانە یە کە وێنە بنیات دەنێت، شاعیریش زیاتر سەربەست دەبێت و مەودایەکی فراوانتریشی لەبەردەمدا دەکرێتەوە".(٢٤) لێکچواندن لەسەر بنەمای بەراورد هاتووە بۆ ڕوون کردنەوەو چەسپاندنی شتێك، ئەو شتە لەگەڵ شتێکی تردا بەراورد دەکرێت کە سیفەتە مەبەستەکەی تێیدا زاڵە.(٢٥) ڕوونبێژی لە ڕووی واتاوە "نیشانەیە لەسەر بەژداری کردنی ئەرکێکی فەرمانی واتا، بە یەکێك لە بنەماکانی لێکچواندن دووانەدنی یان نرخ پێدانی بۆ ئامانجێکی قسەکەر کە تێدا مەبەستێتی".(٢٦) کەواتە هونەری لێکچواندن دەستێکی باڵای هەیە لە ڕازاندنەوەیکیان و دەرخستنی وێنەی شیعری لە شیعردا یاخود بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتی سەرەکی باسەکە لەڕێگای چواندنی بە شتێکی ترەوە. لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لێکچواندن دووشێوە لە خۆدەگرێت{پیاهەڵدان وداشۆرین} ە. لێکچواندن لە بنەڕەتەوە لەسەر ئەوە هاتووە بۆپیاهەڵدان. واتە:{ناتەواوی بەتەواوی، بچووك بەگەورە..هتد}، بێگومان ئەم شێوەیە بە(پیاهەڵدان) دەناسرێت، بۆ نموونە (نالی) هاتووەو ستایشی ئاوی سەرچنار دەکات:

یا عکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کەوا    ئەستێرەکانی ڕابکشێن وەك شەهابی نوور    دیوانی نالی(١٧٩)

یاخود شاعیر دێ و لێرەدا ئەڵێ سەرچنار کانیاو نییە بەڵکو ئاوێنەیەکی دانراوە وێنەی ئاسمانی تێدا بەدی دەکرێ وردە بەردەکانی بنی ئاوەکەش جێگەی ئەستێرەکان دەگرنەوە.

لێچوو: ئەستێرە. لەوچوو: شهابی نوور ئامراز: وەك ڕووی لێکچواندن: درەوشانەوە

بەڵام لە ڕووی{داشۆرین}دا لێکچواندنە کە بە هۆی سروشتی باسەکەوە ڕێچکەی پێچەوانە دەگرێتە خۆی

واتە:{گەورە بەبچووك، بەرز بەنزم}دەچوێندرێت، بۆ نموونە سالم :

تا دوزد جۆیی نیمەشەبن تورکی بێ نیظام    دوزدن هەموو لە خەرمەنی مونعیم وەکوو شەرەر    دیوانی سالم(٣٣٨)

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر (سالم) لێکچواندنی کردووە لەنێوان تورکەکان و ئاگری بنکا و دەبێ و دەڵێ تورکەکان تا نیوەشەو خەریکی دزین و تاڵان بوونە لەناو نیعمەتی خەرمانە وەکو ئاگری بنکا.

لێچوو: تورکەکان لەوچوو: ئاگری بنکا(شەرەر) ئامراز: وەکو ڕووی لێکچواندن: دزین و تاڵانکردن.

بنەماکانی لێکچواندن: لێکچواندن چوار بنەمای هەیە کە ئەمانەن .

١-لێچوو:(المشبە): بریتییە لە "چواندنی شتێك بە شتێکی دیارتر لە خۆی لە سیفەتی هاوبەشی نێواندا، بۆ ئاشکراکردنی هەمان سیفەت لە یەکەمدا ".(٢٧)

٢- لەوچوو:(المشبەبە): بریتییە لەو لایەنەی کە وەسفی شتێکی تری پێدەکرێ. بەم جۆرە سیفەتی کزی{لێچوو} لە ئاوێنەی گەشی{لەوچوو}دا دەردەکەوێت .

٣- ئامراز: ئەمیش بریتییە لەو ئامرازەی کە{لێچوو-لەچوو}بە یەکەوە دەبەستێت .

٤-ڕووی لێکچوون: بریتییە لەو سیفەتەی کە هاوبەشە لە نێوان{لێچوو-لەوچوو}، واتە ئەو سیفەتەیە کە لە هەردوو کیان دەردەکەوێت .

ئامراز و جۆرەکانی لە هەردوو چامەکەی نالی و سالم دا: بۆ پێناسەکردنی ئامرازەکانی لێکچواندن چەندین پێناسە کراوە لەوانە دەتوانین بەڵێن کاری ئامراز"بەستینەوەیە لە نێوان سیفەتەکانی لێچوو لەگەڵ لەوچوو. بێ گومان لە هەموو زمانێك ئامرازێك یان زیاتر هەیە، بۆ بەکارهێنانی لەپێکهێنانی لێکچواندندا".(٢٨)    ئەوەی لێرەدا بەدی دەکرێت لە هەردوو چامەکەی نالی وسالم ئامرازی فارسی بە هیچ شێوەیەك بەدیار ناکەوێت، بێ گومان لە زمانی کوردیش دا ئامرازەکانی لێکچواندن چەندین جۆری لێی بەدی دەکرێت:

١-ئەو ئامرازانەی لە بنچینەدا ووشەی کوردین: ئەو ئامرازانەن کە تایبەتن بە زمانی کوردی، کە کۆمەڵە ووشەیەکی ڕەسەنی کوردین و لەخود و بچینەی زمانی کوردی وەرگیراون، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە تەنها ئەو ئامرازانن کە لە هەردوو چامەکەی( نالی و سالم )دا هەن کە پێك دێت لە:{ وەك:(هەروەك)، وەکو:

(وەکو+ وەکوو+ هەروەکو+ هەروەکوو)، ڕەنگ، دەت ووت}.

١-وەك: ئەم ئامرازە بە چەندین شێوە( نالی و سالم ) لە هۆنراوەکانیان دا بەکاریان هێناون:.

أ-وەك: یەکێکە لەو ئامرازانەی کە تایبەتە بە زمانی کوردی. بەرامبەر(مثل)ی عەرەبی دێت، لە شیعری کوردیدا زۆر بەکاردێت، وەك لەم دێڕە (نالی) دەردەکەوێت:

ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان    طۆفانی دیدەوو شەرەری قەلبی وەك تەنوور .دن(١٧٦)

لەم دێڕە هۆنراوەیەدا نالی بڵێسەی دڵی چواندووە بە دەمی تەنوور لێرەدا نالی زۆر بە جوانی وەسفی ئاه و ناڵەی دڵی خۆی دەکات ودەڵێت گەر بێت ناو دڵم بکەمەوە ئەوە بڵێسەی گڕی وەکو ناو تەنوور گڕ دەبێ هەڵدەیتەوە گڕ و تین و بڵێسەی لێ بەرز دەبێتەوە.

لێچوو:دڵی خۆی   لەوچوو:تەنوور   ئامراز:وەك   ڕووی لێکچوون:سووتان و ئازار و گەرمی.

ب–هەروەك: ئەم ئامرازە لە دووبەش پێکهاتووە(هەر+وەك)، وەك ئامرازی لێکچواندنەو (هەر)یش پێشگرێکە بۆ جەخت کردن بەکاردێت بەرامبەر بە(بالضبط)ی عەرەبی یە. ئەگەر ڕووی لێکچوون لە نێوان لێچوو لەوچوو زۆر لەیەك نزیك بوو ئەوسا لەبری (وەك) (هەروەك)بەکاردێت، چونکە(هەر) کە دەچێتە سەر(وەك) زیاتر نزیکی دوو بنەما سەرەکییە کە لەیەك پێشان دەدات، لەم دێڕەی سالم دەروانینە جوانترین نموونە:

( ئەو دەشتە جایی یاریی یارانی حوجرە بوو) ( یەکسەر مەقامی ڕۆمییە هەروەك تەهی سەقەر) دس(٣٣٥)

لەم دێرەی (سالم) بەم شێوەیە لێکچواندنی دروست کردووە و ئەڵێ ئەو دەستەی کە جاران مەلاو موریدەکان یارییان تێدا دەکردو کاتی خۆشیان بردە سەر ئێستا بووە بە مەقامی تووڕکەکان کە وەکو سەقەر چاوەڕوانی نێچیرە بۆ ئەوەی ڕاوی بکات، لێرەدا دەنووکی سەقەری مەبەستی خەنجەری عوسمانیەکانە کە بە خەنجەر پەلاماری خەڵکیان دەدا کەواتە تورکەکانی چواندووە بە سەقەر بەم شێوەیە.

لێچوو: دەشتە   لەوچوو: تەهی سەقەر   ئامراز: هەروەك   ڕووی لێکچواندن: نییە

٢–وەکو: ئەم ئەوزارە بە چەندین شێوە نالی و سالم لە چامەکەیاندا بەکاریان هێناوە:.

أ–وەکو: ئامرازێکە بەرامبەر بە(مثل)ی عەرەبی دەوەستێ زۆر بەکارهاتووە، هەروەها(وەك، وەکو، وەکی)، هاو واتای یەکترن دەنگەکان بەپێی ناوچەکاندا دەگۆڕێن. بۆ نموونە، نالی دەڵێت:

( زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ ) ( ئا یا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوطوور! ؟) .دن(١٩٦)

لێرەدا شاعیر دەڵێ لاواز بوومە لەتاو دەردی دووری یار وەکو مانگی یەك شەوە هێندە لاواز بوومە تەنانەت سێبەریشم دەرناکەوێ. ئایە دەبێ ببیە سەرزاری کەسێ یاخود دەبێ کەسێ بیرم لێ بکاتەوە.

لێچوو: زار+ نەحیف   لەوچوو: هیلال + خەیاڵ   ئامراز: وەکو+وەکو   ڕووی لێکچوون: لاوازی.

ب–وەکوو: ئەم ئامرازەش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوزاری{وەکو}وەنییە. لێرەدا سالم دەڵێت:

( هیممەت کە چابوکانە بە ئیجرایی مەطلەبم ) ( لەمسەر برۆ وەکوو بەرید و لەوێ بێ وەکوو تەتەر ) دس(٣٣٣)

لێچوو:با+با   لەوچوو: بەرید+تەتەر   ئامراز: وەکوو+وەکوو   ڕووی لێکچوون: بەپەلە گەیاندن+ خێرایی. لەم هۆنراوەیەدا ( سالم ) بە"با" دەڵێت پەلە بکە و ئەم داواکارییەم بێنەدی وەکو پۆستەچی، چۆن دەبێ بەخێرا هەواڵ بگەیەنی تۆش وەکو بەرید بیگەیەنە جێ یاخود وەکو تەتەر بەپەلە بیگەیەنە، واتە لەم هۆنراوەیە دا لێکچواندنی دروست کردووە لە نێوان با و بەرید و تەتەر .

٣–ڕەنگ: بە واتای جۆر دێت، شاعیرانی کورد وەکو ئەوزار بەکاریان هێناوە، کە دەڵێن لە ڕەنگی ئەوە واتە دوو شتەکە یەك جۆرن، نەك ڕەنگیان لە سووری یا لە سەوزی وەکو یەك بێت. وەك نالی دەڵێت:

( لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە ) ( دڵ ڕەنگە بێ بەئاو و بەچاوا بکا عوبوور! ) دن(١٩٧)

لێچوو: دڵ   لەوچوو:ئاو   ئامراز: ڕەنگە   ڕووی لێکچوون: نییە.

٤–دەت ووت(دەتگوت): بە واتای وەکو دێت بەڵام زۆر جار بۆ کاتی ڕابردوو بەکاردێت. واتە لە ڕابردوو دا وەکو ئەم شتە وابووە. کە دەڵێی: لێوی( دەت ووت ) گوڵواتە ئەوساکە لێوی وەکو گوڵ بوو. لێرەدا لە نموونەیەکی شاعیر(نالی) زۆر بە جوانی ئاماژە بۆ ئەم ئەوزارە دەکات .

(دەم وت دو چاوی خۆمە ئەگەر(بەکرە جۆ)یی ئەشك)(نەبوایە تیژ و بێ ثەمەر وگەرم و سوێر وسوور)دن(١٨٠)

٢–ئەو ئەوزارانەی لە بنچینەدا ووشەی عەرەبین: ئاشکرایە ڕۆشنبیری شاعیرانی دێرین ڕۆشنبیری مزگەوت بوو کە بریتیی بوو لە زانستە عەرەبییەکان یەکێك لەو زانستانەش ڕەوانبێژی بوو ئەمەش بووە مایەی ئەوەی شارەزاییەکی باش لەم زانستە وەرگرن لە ڕەوانێژی کوردی بەکاری بهێنن لەوانە گەلی ئەوزاری لێکچواندنی عەرەبیان وەرگرتووەوە لە شیعری کوردیدا بەکاریان هێناوە. بەڵام ئەوەی مەبەستمانە تەنها ئەو ئەوزارانە کە لە هەردوو چامە کەی(نالی و سالم) دا هەن وەك:{ مثل، عەینی، نظیر }

١–مثالی: ئەم ئامرازەش بە چەندین شێوە لە هەردوو چامەکەی( نالی و سالم ) دا دەبینرێت:.

أ–مثالی:ئامرازێکە لە ڕەوانبێژی عەرەبی وەرگیراوە بەرامبەر(وەك) لەزمانی کوردی دا دێت، نموونە نالی:

( تو خوا فەضایی دەشتی فەقێکان ئەمێستەکەش)( مەحشەر میثالە، یا بووەتە(چۆڵی سەلم وتوور)؟ دن(١٩٤)

لێچوو: دەشتی فەقێکان   لەوچوو: مەحشەر   ئامراز: میثالە   ڕووی لێکچوون: .

ب–میسلی یان(میثلی): ئەمیش جۆرێكی تری ئەوزاری لە (مثل)ە وەرگیراوە، وەك لەم دێڕەی(نالی)ئەبینرێ: (چەشمێکە میثلی خۆر کە لە سەد جێ بە ڕۆشنی ی )

( فەورانی، نووری صافە لەسەر بەردی وەك بلوور)دن(١٧٩)

شاعیر ئاوی سەرچناری وەکو خۆر چواندووە وەك چۆن خۆر بە سەر هەرچوار دەورییەوە ڕۆشنایی بڵاو دەکاتەوە، ئەمیش پاك و ڕۆشنە و بێگەردەو لە سەد لاوە هەڵ ئەقوڵێ و بە سەر بەردی خاوێنی وەك بلور بە ناو کاشیدا دەڕوا. لێچوو: چەشمێکە (کانی)+ بەردی روبارە کە لەوچوو: خۆر+ بلوور

ئامراز: میثلی+ وەك  ڕووی لێکچوون: ڕۆشنایی + ڕەونەقی صاف و بێگەرد.

٢– عەینی:ئەم ئەوزارە"لە وشەی(العین)ی عەرەبی وەرگیراوە کە واتای خودی شتە کە دەگەیەنێ، ئەم ئامرازە شاعیرانی کورد وەکو ئەوزارێك بەکاریان هێناوە بەواتای (وەکو) بەڵام عینی زیاتر نزیکی شتەکان لەیەك دەگەیەنێ بەڕادەیەك وەکو یەك شتبن".(٢٩)

( خاکی میزاجی عەنبەرو، داری ڕەواجی عوود ) ( بەردی خەراجی گەوهەر و، جۆباری عەینی نوور )دن(١٨٢)

لێچوو: جۆبار  لەوچوو: نوور  ئامراز: عەینی  ڕووی لێکچوون: نییە.

٣–نظیر: ووشەیەکی عەرەبییە بەواتای هاوتا یاخود وەکو دێت، هەروەها ئەم ووشەیە لە ڕەوانبێژی عەرەبیدا لەگەڵ ئامرازەکاندا ڕیز نەکراوە. کە چی شاعیرانی کورد وەریان گرتووەو لە ڕەوانبێژی کوردی وەکو ئامراز ڕێك بەکاریان هێناوە. شاعیر ( نالی ) لەم دێڕە شیعرە بەکاری هێناوە .

((سەیوان) نەظیری گونبەدی کەیوانە سەبز و صاف،) (یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجومی قوبوور؟!). دن(١٨٦)

لێچوو: سەیوان  لەوچوو: گونبەد  ئامراز: نەظیری  ڕووی لێکچوون: سەبز و صاف .

٣–ئەو ئامرازانەی لە بنچینەدا ووشەی هاوبەشی(کوردی وفارسی)ن: ئەو ئامرازانەی کە هاوبەشن لە نێوان زمانی کوردی و فارسی پێك دێت لە چەند ئامرازێك ئەویش بە هۆی ئاشنابوونی شاعیرانی کورد بە ئەدەبیاتی فارسی. ئەو ئامرازانەش بە گشتی واتای لە یەکچوون دەگەیەنن بۆیە شاعیرانی کورد و فارس وەکو ئامراز بەکاریان هێناون، لێکچواندنیان پێ دروست کردوون.ئەو ئامرازانەش وەك:{چوون–ئاسا}.

بەڵام تەنها(سالم){ ئاسا}ی بەکارهێناوە، ئەویش تەنها لە دێڕێکدا.

١–ئاسا: پاشگرێکە دەچێتە سەر ناو و دەیکات بە لەوچوو واتای( وەکو ) دەگەیەنێ، واتە ئامرازێکی هاوبەشە و شاعیرانی هەردوو زمان کورد و فارس بەکاریان هێناوە. هەمیشە لە دوای لەوچوودا دێت.

(ئەی میروەحەی جەمالی مەهئاسایی دڵبەران ) ( وەی شانەزەن بە کاکۆڵی تورکانی سیم بەر!) دس(٣٣٠)

لێچوو: میروەحەی جەمالی  لەوچوو: مەه  ئامراز:ئاسا  ڕووی لێکچوون:.

جۆرەکانی لێکچواندن: یەکەم:دابەشبوونی لێکچواندن بەپێی بوون و نەبوونی بنەماسەرەکییەکان:

١– لێکچواندنی نێرەری درێژە( تشبیة مرسل المفصل ): ئەم جۆرە پێشی دەوترێت لێکچواندنی ئاسایی، چونکە هەر چوار بنەماکانی بە ئاشکرا تێدا دەردەکەوێت، ئەم جۆرەش بە بێ هێزترین پلەی لێکچواندن دەژمێردرێت، وەك لەم نموونەیە دەردەکەوێت:

( وەك ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کۆیی یار ) ( وەك ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی (شیوەسوور) دن(١٧٨)

لە نێودێری یەکەمدا شاعیر ئاە و هەناسەی ساردی چواندووە بە ( با ) کەواتە:

وێنەی١: لێچوو: هەناسەی شاعیر  لەوچوو: با  ئامراز: وەك  ڕووی لێکچوون: پەلە –بەگورجی .

لە نێو دێری دووەمیش دا چاوی چواندووە بە ڕووباری (شیوە سوور) چون هەمیشە لە تاو دووری یارانی فرمێسکی بێ وەستان دێتە خوارەوە وەك ڕووباری شیوە سوور کەواتە:

وێنەی٢: لێچوو: فرمێسکی چاو  لەوچوو: ڕووباری شیوەسوور  ئامراز: وەك  ڕووی لێکچوون: بێ وەستان.

٢– لێکچواندنی جەختاوی پوختە(تشبیة مؤکد المجمل): دەگونجێ لە لێکچواندندا بێ ئەوزارو بێ لێکچوون بێت، تەنها هەردوو بنەماسەرەکییەکان واتە تەنها{لێچوو_ لەوچوو} بێت، ئەم جۆرە لێکچواندنە بە بەهێزترین و کاریگەرترین پلەی لێکچواندن دا دەنرێت لەلایەنی زیادە ڕەوەوییەوە، چونکە وەك ئەوە وایە لێچوو بە هەمان شێوەی لەوچوو سەیربکرێت، بە زمانی کوردی ڕەوان و بە عەرەبیش(البلیغ)ی پێدەووترێت. ( ماڵش دەدەی بەدەم لە دەمی خوابی صوبحدەم ) ( هەم زوڵفی قیرەگوونەوو هەم چیهرەیی قەمەر)دس(٣٣١)

لێچوو: زوڵف + لەوچوو: قیرەگوونە + چیهری قەمەر  ئامراز:نییە  ڕووی لێکچوون: نییە .

٣- لێکچواندنی نێرەری پوختە(تشبیة مرسل المجمل): دەگونجێ لە لێکچوانداندا لێچوو و لەوچوو و ئەوزاری لێوە هاتبێ، بەلام بێ ڕووی لێکچواندن بێت. واتە لە ڕستەکەدا تەنها{لێچوو_لەوچوو_ئەوزار}،

بەلام{ڕووی لێکچواندن}ی تێدا نەبێت، وەك نالی دەلێت:

( حەوزی پڕی کە نائیبی دیدەی منە لەوێ ) ( لێلاوی دا نەهاتووە وەك سەیلی ( شیوەسوور )؟ ) دن(١٩٢)

لێچوو: لێلاوی لەوچوو: سەیلی شیوەسوور ئامراز: وەك ڕووی لێکچوون:نییە .

٤- لێکچواندنی جەختاوی درێژە( تشبیة مؤكدالمفصل ): دەگونجێ لە لێکچواندن دا لێچوو و لەوچوو و ڕووی لێکچواندن لێوەی هاتبێ، بەلام بێ و ئەوزاری بێت. واتە تەنها{لێچوو_لەوچوو_ڕووی لێکچواندن}، بەلام{ئامراز}ی تێدا نەبێت، وەك سالم دەلێت:

( دڵ نایێڵێ بڵێم: چییە سامانی حوجرەکەی ) ( هەر تۆڕی عەنکەبووتە، حیجابی بیروون و دەر! ! ) دس(٣٣٩)

لێچوو: حوجرە لەوچوو: تۆڕی عەنکەبووتە ئامراز: نییە ڕووی لێکچوون: حیجابی بیروون و دەر .

****************************************

دووەم:دابەشبوونی لێکچواندن بە پێی شێوەی دروستبوونی دەبێتە دووجۆر:

أ-دابەشبوونی لێکچواندن بەپێی دەرکەوتنی لێکچواندن :.

١-لێکچواندنی ئاسایی: ئەم جۆرە پێك دێت لە دەرکەوتنی بنەماکان. وەك لەم دێڕەی(سالم) :

( سووتا دڵم بە حاڵەتی جۆباری (سەرچنار) ) ( لێلاوە چەشمەساری وەکوو چاوی بە بەصەر) دس( ٣٣٦)

لێچوو:ئاوی سەرچنار لەوچوو:(ئاوی سپی) چاو ئامراز:وەکو ڕووی لێکچواندن:لێڵی و تەلخی.

دەتوانین بەڵێن شاعیر چەند ووشەیەکی فارسی بەکار هێناوە وەکو لەم دێرە:(چەشمەسار، واتە کانی ئاو).(٣٠)

٢- لێکچواندنی وێنەیی(لێکدراو): ئەوەیە وێنەیەك بە وێنەیەکی تر بچوێنی. عەزیز گەردی دەلێت:"لەم جۆرەدا لە جیاتی ئەوەی شتێك بەشتێکی تر بچوێنرێ، وێنەیەك بە وێنەیەکی تر ئەچوێنرێ. مەبەست لەوێنە ئەوەیە لە چەند پارچەیەکی زۆر پێك هاتبێ و ئەو پارچانە بەڕەنگێکی وا تێك هەڵکشابن کەببوون بەیەك شت و وێنەیەکیان دروستکردبێ".(٣١) وەك لەم دێڕەی نالی دەردەکەوێت.

( یەعنی ڕیاضي ڕەوضە کە تێیدا بەچەن دەمێ ) ( موشکین دەبیی بە کاکوڵی غیلمان و زوڵفی حوور)دن(١٨١)

٣- لێکچواندنی پەسەندیدە.{المفضل}: ئەم جۆرە لێکچواندنە بریتییە لە:"لەجیاتی ئەوەی شتێك بە شتێکی تری هاوبەش لە سیفەتدا بەیەکتر بچوێنی، هەستی چوێنراو لە پێ چوێنراو بە پەسندترو بالاتر بزانی، هەروەها لەلایان زیادە ڕەوی و بەرزکردنەوەی بۆ سەرووی پێ چوێنراو زۆر لە چواندنی پێچەوانە نزیکە، بەلام هەریەك بە شێوازی خۆی".(٣٢) جوانترین نموونەش بۆ ئەم جۆرەش لە دێڕەی (نالی) دەردەکەوێت:.

(دەم وت دو چاوی خۆمە ئەگەر (بەکرەجۆ)یی ئەشك

نەبوایە تیژ و بێ ئەمەر و گەرم و سوێر و سوور ) دن(١٨٠)

لێرەدا (نالی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە، بۆیە، هەروەها لێکچواندنێك دەکات لە نێوان.

٤- لێکچواندنی ئاوەژوو(لەخۆگر)(پێچەوانە): ئەم جۆرە لە لێکچواندن دا بریتییە"لەوەی لێچوو بکرێ بە لەوچوو، بە بیانووی ئەوەی ڕووی لێکچوون لە ئەودا بەهێزترو دیارترە".(٣٣) لێرەدا دەتوانین بەڵێن لێکچواندنی ئاوەژوو بە پێچەوانەی لێکچواندنی ئاسایی یە، بە شێوەیەکی نا ئاسایی دا دەرێژرێت، واتە لەوچوو دەکەوێتە پێش لێچووەوە، وەك لەم دێڕەی (سالم):

( ئابی حەیات و ئاتەشی ئەفسووردەیە دەمت ) ( تەحریکی تۆیە گڕ لە تەنوورا کە دێتە سەر ) دس(٣٣٢)

لێچوو: دەمت لەوچوو: ئابی حەیات + ئاتەشی ئەفسووردەیە ئەوزار: ڕووی لێکچوون: .

٥- لێکچواندنی ناڕاستەوخۆ(نائاشکرا){الضمني}: دەربارەی ئەم جۆرە د-ئیدریس عەبدوڵلا دەلێت: "لێکچواندنێکە لێچوو ولەوچووی ناخرێتە نێو وێنەیەك لەوێنە ناسراوەکانی لێکچواندن،بەلکولەدارشتن دا ئاماژەیان بۆدەکرێ ولەڕێگەی واتاوەدەزانرێت.هۆی پەنا بردنی بۆ ئەم جۆرە لێکچوواندنە بۆئەوە دەگرێتەوە،کە:ئەو حوکمەی دراوەتە پاڵ لێچوو ئاساییە.".(٣٤) سالم دەلێت:

( باری لە سروەکەت بەشنەی ئەنگەبینی گەز ) ( کردوویە جونبوشت بە هەمئاغۆشی نەی شەکەر ) دس(٣٣١)

لێرەدا شاعیر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لێکچواندنی کردووە، لەنێوان . واتە لێرەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پرۆسەی لێکچواندنەکە ئەنجام دراوە.

********************************

دووەم:خوازە(المجاز): خوازە: بریتییە لەوەی کە"وشەیەك بۆ واتای ڕاستەقینەی خۆی بەکار نەهێنرێت، بەڵکو بۆ واتایەکی تر بخوازرێت و مەبەستێکی تر بگەیەنێت".(٣٥) واتە:خوازە "بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیێك بۆ پێچەوانەی ئەو واتا دروستەی هەیەتی، لەگەڵ بوونی قەرینەیێك، زمانی بێت، یان ژیری بێت، ڕێگری بکات، لەوەی کەوا ئەم وشەیە وەکو دروست بەکار هێنرابێ و بیچەسپێنێت، کە دەبێت بۆ واتای خوازەیی بەکار هێنرابێت".(٣٦) لە پێناسەیەکی تردا خوازە کە بریتییە لە"بەکارهێنانی وشەیەك بۆ واتایەکی تر جگە لە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی کە بۆی دانراوە بەپێی بوونی پەیوەندییەك لەنێوان واتا ڕاستەقینەکەو خوازەییەکەدا".(٣٧) هەر دەربارەی خوازە م-سجادی دەڵێت:"خوازە ئەو ووشەی لە کاتی خۆیا بۆ گوزارەیەکی تایبەتی دانراوە، ئەو گوزارەیە بووە بە گوزارەیەکی ڕاستەو ڕاستی وشەکە، ئیستە کە هێنراوە و گوێزراوەتەوە بۆ گوزارەیەکی تر واتە گوزارە بناغەییەکە".(٣٨) خوازەش دەبێتە دوو جۆر کە ئەمانەن.

١-خوازەی ژیری: بەزمانی عەرەبی(مجاز العقلي)ی پێدەگوترێت. کە"بریتییە لە دانە پاڵی کار، یان ئەوەی لە واتادا وەکو ئەو وایە، بۆ غەیری خاوەنی دروستی خۆی، لەبەر پەیوەندییەك، لەگەڵ بوونی قەرینەیێك ڕێگری بکات لە وەی ئەو دانە پاڵە دروست بێت، کەواتە ئەم جۆرە خوازەیە بەخستنە پاڵدا پێك دێت".(٣٩)

ئەم خوازەیەش بە چەند شێوەیەك خۆی پیشان دەدات.

أ-خوازەی هۆیی:(سببی): لەم خوازەیە دا دەبێ کەسێك یان شتێك بکرێتە هۆ بۆ ئەنجام دانی کارێك، واتە لێرەدا"باس لە هۆ دەکرێت و مەبەست ئەو خەڵکەیە کە لە ژێر پەردەی هۆیە دەور دەبینێت، واتە:بکەری خوازەیی هۆیەکەیە، بکەری دروستیش خەڵکی پشت هۆیەکەیە، پەیوەندی نێوانیشیان هۆییە" .(٤٠)

( کەی دێتە خەندە غونچە، دەمی، بێ وەزیدەنت؟!) ( گەر تۆ نەبی درەختی چەمەن ناگرێ ثەمەر )دس(٣٣٢)

ب-خوازەی شوێنی: لەم خوازەیەدا دەبێ شوێنێك بکرێتەچێی ڕوودانی کارەکە. واتە لێرەدا"باس لە شوێن دەکرێت و مەبەست ئەو خەڵکەیە کە لەو شوێنە دەور دەبینێت، واتە:بکەری خوازەیی شوێنەکەیە، بکەری دروستیش خەلکی شوێنەکەیە، پەیوەندی نێوانیشیان شوێنە".(٤١) وەك لەم دێرەی (سالم)دەردەکەوێت:.

( جارووکەشی مەنازیلی جانان لە خەڵوەتا ! ) ( فەڕاشی فەرشی سەبزە، بەهاران، لە دەشت و دەر!)دس(٣٣٠)

واتە :لەکاتی تەنهایی دایاردا، گسکی لە ماڵ دەداو بێ ڕوخست دەچێتە ژوور و سروەکەیە لێی دەدا و ئەویش بەو لێدانە دەشنێتەوەو لە دەشت ودەر لە کاتی بەهاردا سەوزگیا وەك فەرش ڕادەخرێ.

ج-خوازەی کاتی: لێرەدا"باس لە کات دەکرێت و مەبەست ئەو خەڵکەیە، یان ئەو شتەیە کە لە نێو ئەو کاتە دەور دەبینێت، واتە:بکەری خوازەیی کاتەکەیە، بکەری دروستیش خەڵکە، یان شتێکی نێو کاتەکەیە، پەیوەندی نێوانیشیان کاتە".(٤٢) واتە لەم خوازەیەدا کات دەبێتە ساتی ڕوودانی پرۆسەکە، وەك لەم دێرەی سالم:

(میحنەت ئەوەندە زۆرە، دڵم هێندە تەنگ بووە ) ( دوودی هەناسەیی سەحەرم هەوری گرتە بەر ) دس(٣٣٢)

واتە: خراوەتە پاڵ بەرە بەیان لای شاعیر کاتی سەحەر دڵ تەنگی و خەم و هەناسەساردی و ئەشك ڕشتنە.

د-خوازەی سەرچاوەیی: واتە لەم خوازەیەدا فرمان یان ئەوەی لە واتای فرماندایە دەدرێتە پاڵ سەرچاوەکەی، واتە ئەو چاوگ ووشە بنجییەی کە فرمانە کەی لێ دروستبووە، وەك لەم دێرەی(نالی)دا

( یا چەشمە ساری خاطری پر فەیظی عاریفە ) ( یەنبووعی نوورە دابڕژێنێ لە کێوی طوور ) دن(١٨٠)

٢-خوازەی زمانی(المجاز اللغوی): بریتییە لە وەرگرتنی ووشە یەك و گۆڕینی واتای ڕاستەقینەی خۆی بۆ واتایەکی تر. وەکو چۆن شاعیر یارەکەی خۆی بە مانگ ئەچوێنێ، یان فرمێسکی بە باران یان بە تافگە یان ڕووی بە هەتاو ...هتد. هەروەها"بریتییە لە گوازتنەوەی وشە لەواتای دروستی فەرهەنگی خۆی، کە لە بنچی دا بۆی دانراوە بۆ واتاییێکی نوێ، دەبێ قەرینەییێکیش هەبێ، ڕێگری بکات لەوەی واتای یەکەم مەبەست بێ و بیر بۆ ئەوە ببات مەبەست واتای دووەمە".(٤٣) دەربارەی خوازەی زمانی ئەحمەد هاشمی دەڵێت: "الادانی ووشەیەك لە واتای ڕاستەقینەی خۆی بۆ واتایەکی تر بەر لە واتا ڕاستەقینەکەی و لەگەڵ بوونی پەیوەندییەك لە نێوانیاندا، قەرینەیەکیش هەبێ واتای یەکەم وێڵ کات".(٤٤) دەربارەی جۆرەکانی خوازەی زمانیش دووجۆری لێدەبێتەوە، ئەویش بریتییە لە.(خوازەی ڕەها، خواستن).

أ-خوازەی ڕەها(المجاز المطلق): بریتییە لە "وشەیێکی بەکارهاتوو بۆ بێچگەی ئەوەی بۆی دانراوە، لەبەر پەیوەندییەکی نێوانیان کە لێکچوون نییە لەگەڵ قەرینەیەك ئەو قەرینەیە ڕێگرە لەوەی بۆ واتای خۆی بەکارهاتبێ".(٤٥) لەخوازەی ڕەها چوار پەیوەندی هەیە{پەیوەندی

كەرتی، پەیوەندی گشتی، پەیوەندی رابردوویی، پەیوەندی داهاتوویی}لەم نموونەیەی نالیش پەیوەندی کەرتی یە: چونکە: قەلب/کەرتە و خانەقا/گشتی یە

(قەلبی مونەووەرە لە حەبیبانی نازەنین ) ( یا وەك سەقەر پڕە لە ڕەقیبانی لەندەهوور؟) دن(١٩٠)

ب-خواستن:(أستعارة): لە ڕووی زمانەوانەوە بریتییە لە"وەرگرتنی شتێك لە یەكێكەوە بۆ ئەوەی بۆ پێویستییەكی دیكەو لە شوێنێكی دیكە بەكاربهێنرێ".(٤٦) بەڵام لە ڕووی زاراوەوە بریتییە لە"بەكارهێنانی وشە بۆ بێجگەی ئەو واتایەی لە بنجدا بۆی دانراوە، لە بەر بوونی پەیوەندی لێكچوون لە نێوان ئەو واتایەی لێی گوزراوەتەوە لەگەڵ ئەو واتایەی بۆی بەكار هێنراوە".(٤٧) ئەوەیە كە ئەگەر پەیوەندی هەبوو لە نێوان "خواستن بریتییە لە ئەو پەیوەندیە لێكچوونەی كە لە نێوان واتای لێ خواستراو واتای بۆ خواستراودا هەیە، ئەگەر بەلای خەڵكییەوە ئاشكرابوو و سیفەتەكە لای لێخواستراوەوە زۆر بەرز تر بوو ئەوا خواستنەكە كاریگەرتر دەبێ، كردنی دووشتی جیاواز بەیەك ڕەگەز لەبەر هاوبەشییان لەسیفەتێك یا چەند سیفەتێكدا خۆی لە خۆیدا ئەو پەڕی زیادەڕۆییە، كاتێ خواستنەكە نامۆ دێتە بەرچاو ئەگەر پەیوەندی لێكچوونی نێوان لێ خواستراوو بۆخواستراو گونجاو نەبوو".(٤٨) لە لایەكی تر هاوژین سلێوە عیسا دەربارەی خواستن دەڵێت"بەكارهێنانی وشەیەكە بۆ مانایەكی تر، ئەو وشەیەی كە لەبری شتێك بەكار بێت، لێكچواندنێك هەیە لەنێوان لێخواستراو بۆخواستراو. لە لێكچواندندا مەرجە هەردوو بنەڕەتەكە هاتبن، بەڵام لەخواستن دا تەنها یەك لەم دوو بنەڕەتە هاتبن بەسە".(٤٩) هەردەربارەی خواستن "خواستن بریتییە لە وشەیەك یان دەربڕاوێك كە بە شێوەیەكی خەیاڵی بەكاردێت بە مەبەستی وەسفكردنی كەسێك یان شتێك، لەپێناو پیشاندانی ئەوەی كە دووكەس یان دووشت سیفەت و تایبەتمەندییان لە یەكەوە نزیك بێت، بە مەبەستی بەهێزكردنی سیفەت و تایبەتمەندییەكەیە لە ڕێگەی یەكێكیانەوە بۆ ئەوەی تریان".(٥٠) خواستن بریتییە لە"گواستنەوەی ناوی شتێكە بۆ شتێكی تر، لە ڕەگەزێكەوە بۆ جۆر یان لە جۆرەوە بۆ ڕەگەز یان بەپێ خواستنەكەوە".(٥١) ئیدی خواستن یەكێكە لە هونەرە گرنگە ڕەوانبێژییەكان و هەر بۆ ئاشكرابوون و دەربڕینی ئەو مەبەستەیە كە ئەیەوێ، بەكورتی خواستن بریتییە لە بەكار هێنانی وشەیەك بەر لەواتە ڕاستەقینەكەی خۆی ئەویش بەهۆی بوونی پەیوەندییەك لە نێوان واتای لێخوازراوەو بۆخوازراو. سالم دەڵێت:

( سەربانی پڕ لە گەژدووم و دیواری پڕ لە مار ) ( گوودالی پڕلە ڕەهزەن وصەحرایی پڕ خەطەر )دس(٣٣٩)

وێنەی١: گەژدووم/لێخواستراوە. جەندرمەی تورك/ بۆخواستراوە. ڕەوتی دێڕەكە/قەرینەیە(نیشانە یە)

وێنەی١: مار/لێخواستراوە. سیخوڕ/ بۆخواستراوە. ڕەوتی دێڕەكە /قەرینەیە(نیشانە یە) .

پایەكانی خواستن: ١-لێخواستراو: زۆر جار بە دیار دەكەوێت. ٢-بۆخواستراو: زۆرجار بەدیار ناكەوێت.

٣-نیشانە(قەرینە): ئەمە ئەو ڕەگەزەیە، كە خواستنەكە ڕوون دەكاتەوەو ڕێگەخۆشكەرە بۆ ڕوونكردنەوەی یەكێك لە دوو لایەنەكە(لێخواستروو یان بۆخواستراو). ٤-خواستراو: ئەمە كۆكراوەكەیە لە خواستن دا، چونكە لە خواستن نا بێت وەكو لێكچواندن{لێچوو، لەوچوو}پێكەوە دەركەون، بەڵكو تەنها هەریەكێكیان .

جۆرەكانی خواستن: بە پێی هاتن و نەهاتنی هەردوولایە نەكە بریتییە لە{لێخواستراو و بۆخواستراو}

١-خواستنی ئاشكرا(أستعارة التصريحية): بریتییە لە ئەو خواستنەیەكە لە دوولایەنەكانی خواستن(لێ خواستراوو بۆ خواستراو) تەنها(لێخواستراو)ی مابێتەوەو ئاشكرا لە جیاتی ووشەیێكی تر بەكار هاتبێت:

(ئێستەش مەكانی ئاسكەیە(كانی ئاسكان))(یاخۆ بووە بەمەلعەبەیی گورگ و لوورە لوور؟!) دن(١٨٧)

ئاسكە+ گورگ /لێخواستراوە. كچ+ جەندرمەی تورك/ بۆخواستراوە. ڕەوتی دێڕەكە/قەرینەیە.

٢-خواستنی شاراوە(أستعارة المكنية):بریتییە لە بریتییە لە خواستنەیە كە لە دوولایەنەكانی خواستن(لێ خواستراوو بۆ خواستراو)تەنها(بۆخواستراو)ی مابێتەوەو ئاشكرا لە جیاتی ووشەیێكی تر بەكار هاتبێت، نموونە: ( ئەوسا مەكانی ئاسكە بوو كانی ئاسكان ) (ئێستە لە دەنگ و ڕەنگی ئە ڕۆمی پڕە لە كەر ) دس(٣٣٧)

ئاسكە+ كەر/لێخواستراوە. دولبەر+ مرۆڤی(كەر)/ بۆخواستراوە. ڕەوتی دێڕەكە/ قەرینەیە.

بەشی دووەم : جوانكاری لە دوو چامەكەی نالی وسالم دا.

جوانكاری: دیارە دەربارەی جوانكاری بەهەمان شێوەی ڕوونبێژی چەندین ڕاوبۆچوون هەیە لەوانە:

علي جارم ومصطفى أمين لە كتێبی (البلاغة الواضحة)ە، وا ئاماژە بۆ جوانكاری دەكات:"جوانكاری لە توێژینەویەك تێناپەڕێ كە كار بۆ جوانی ئاخاوتن و واتا بەڕەنگێكی داهێنراو لە جوانی گوفتار یان واتایی، و جوانكاری بەوە دەناسرێ زانستی كۆكراویە بۆ ئەم توێژینەوانە، كە بریتییە لە چاككاری ووتەیی، و لە چككاری واتایی".(١) د.ادریس عەبدوڵڵا دەربارەی جوانكاری دەڵێت:"جوانكاری یەكێكە لە سێ بەشەكانی

زانستی ڕەوانبێژی، لەعەرەبیدا{البدیع}ی پێدەوترێ، ووشەیەکە لە ڕووی زمانییەوە بریتییە لەداهێنانی شت یان بەواتایەکی تر{البدیع}بەو وشەیە دەگوترێ کە بۆ یەکەمجار دادەهێنرێ".(٢) لە قورئانی پیرۆزیش دا خودای مەزن وا باس لە جوانکاری دەکات و دەفەرموێت: [بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ]:[بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَإِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ] [صدق الله العظيم].(٣) د.عەبدوللا خدر مەولوود بەم شێوەیە پێناسەیی جوانکاری دەکات"واتە(البدیع)بەو زانستە دەناسرێ کە جوانی بە ڕووەکانی قسە دەبەخشێ".(٤) جوانکاری بەوەش پێناسە دەکرێ"بە ڕێبازی چاککردنی ئاخاوتن، جوانکاری دەکرێتە دوو بەشەوە، یەکیان دەگەڕێتەوە بۆ گوفتار ئەویش پێی دەووترێ(چاك کاری ووتەیی) بەڵام ئەوی تر بۆ واتا دەگەڕێتەوە بۆیە پێی دەووترێ (چاککاری واتایی)".(٥) جوانکاری بە دوو جۆر دەدەکەوێت(ڕازاندنەوەی ووشە، ڕازاندنەوەی واتا) ئەرکی سەرەکی لەوەدایە کە سەیری پارچە ئەدەبییە کە دەکات و لایەنی جوانی ئەدۆزێتەوە و لێیان وورد دەبێتەوەو هەڵیان دە سەنگێنێت. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها باس لەو بابەتانە دەکەین کە لە نێو دێڕەکانی هەردوو چامەکەی(نالی و سالم) دەردەکەون .

<u>تەوەری یەکەم:</u> لەو جوانییە دەدوێت کە لە ڕووخساری بەرهەمی ئەدەبییەوە هەڵدەقوڵێت ودەی ڕازێنێتەوە.

<u>یەکەم/ڕەگەزدۆزی:</u> ڕەگەزدۆزی بریتییە لە بوونی دوو وشە کە لە دەربڕیندا بەشێوەیەکی تەواولێکچوونێك لە تواناندا هەبێ بەڵام لە ڕووی واتاوە جیاوازە، هەریەکە واتای تایبەتی خۆی هەیە، واتە ڕەگەزدۆزی"دووبارە کردنەوەی دوو وشە دەگرێتەوە کە لە ڕواڵەتدا وەکو یەك وابن یان بەیەك بچن بەڵام هەریەکیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت کە جودا بێت لە واتای وشەکەی تر".(٦) کەوا بێ لێرەدا مەبەست لە ڕەگەزدۆزی لە دێرێك دا، چەند وشەیەك هەن لە ڕووی فۆرم و ڕووخسار وەك یەك بن بەڵام لە ناوەرۆك دا یاخود لەواتا جیاوازبن.

<u>جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی:</u> ١–ڕەگەزدۆزی تەواو : ٢– ڕەگەزدۆزی ناتەواو :

<u>١–ڕەگەزدۆزی تەواو:(الجناس التام):</u> ئەوەیە کە شاعیر یان نووسەر"دوو یان سێ وشەی وا بێنێت کە لە ڕواڵەت دا تەواوە وەك یەکبن و بەئەندازەی موویەك جیاوازییان نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت".(٧) وشەکانی ڕەگەزدۆزی تەواو لە هەموو شتێکدا وەك یەکبن تەنها لە ژمارەی پیت و جۆری پیتەکان و شێوەو ڕیزبوونی پیتەکانیش دا. <u>جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی تەواو:</u>

<u>أ– ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن:</u> ئەوەیە هەردوو وشەکان هاوڕەسەن بن واتا( ناوبن یان کردار ).

<u>ب– ڕەگەزدۆزی تەبا:</u> ئەوەیە هەردوو وشەکان جودابن واتا یەکێکیان(ناو)بێت و ئەوەی تر(کردار)بێت.

<u>ج– ڕەگەزدۆزی ئاوێتە:</u> ئەوەیە هەردوو وشەکان لێکدراو بن واتە سادە نەبن .

<u>د– ڕەگەزدۆزی ساوێتە:</u> ئەوەیە هەردوو وشەکان یەکێکیان وشەیەکی سادەو ئەوەی تر لێکدراو بێت.

بەڵام بەداخەوە لە هەردوو چامەکە لەم جۆرە ڕەگەزدۆزیانە هیچ دێرکمان بەدەست نەکەوت .

<u>٢– ڕەگەزدۆزی ناتەواو:(الجناس الناقص):</u> بریتییە لە"دوو وشە کە لە ڕووی ژمارەی پیتەکانیان یان شێوەی یان جۆری یان ڕیزبوونی تەواو وەك یەك نەبێت و جیاوازیەکیان لەنێواندا هەبێت، لە ڕووی واتاشەوە دەبێ هەریەك واتای سەربەخۆی هەبێت.(٨) جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی ناتەواویش ئەمانەن:

<u>أ–ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد:</u> لەم جۆرە دەشێ جۆرو شێوەو ڕیزی پیتەکانیان یەك بێت، بەڵام ژمارەی پیتەکانیان ئەوەندەی یەکتر نەبێت، واتە یەکێکیان پیتێك لەوەی تر زیاتر بێت.وەك لەم دێرەی نالی:

(کاهێ دەبێ بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ ) (کاهێ دەبێ بەدەم دەدەمێنی دەمی غورور) دن(١٧٦)

لێرەدا شاعیردوو وشەی هێناوەتەوە(دەم)و(دەمی)ڕەگەزدۆزین ودەچێتە قاڵبی ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد، چونکە لە وشەی دووەم پیتێ زیادی کردووە.(دەم) (دەمی) پیتی(ی)، واتایانیش جیاوازە، وشەی(دەم) واتە: زاری مرۆڤ ، بەڵام وشەی(دەمی) واتە:کات دێت.

<u>ب–ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا:</u> لەم جۆرە دەشێت لە{ژمارەو شێوەو ڕیزی پیتەکانیان} یەك بێت، بەڵام جۆری یەکێك لە پیتەکانیان لە یەك جۆر نەبێت . وەك لەم دێرەی سالم دا دەبینرێت:

(ئەوسامەکانی ئاسکە بوو(کانی ئاسکان) ) ( ئێستە لە دەنگ و ڕەنگی ئەڕۆمی پڕە لە کەر)دس(٣٣٧)

واتە هەردوو وشەی(ڕەنگ)و(دەنگ)ی هێناوە کە ڕەگەزدۆزین و ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جوودان چونکە جۆری پیتەکان جیاوازن کە(ڕ+د)ە، واتایانیش جیاوازەو واتاکانیانیش ئاشکراو ڕوونە.

<u>ج–ڕەگەزدۆزی لادەر:</u> لادەر ئەوەیە لە دوو وشە کە ژمارەو جۆرو ڕیزی پیتەکانیان وەك یەك بن، بەڵام لە شێوەی یەکێکیان جودابن، لەهەبوون ونەبوونی نیشانەی(ˇ)، بەڵام لە هەردوو چامەکە بەدیمان نەکرد.

د–ڕەگەزدۆزی ئاڵۆز: لەدوو وشە کە ژمارەو شێوەو جۆری پیتەکانیان یەك بێ بەڵام ڕیزیان یەك نەبێ، واتە پیتێکیان پاش وپێش کرابێت، بەڵام لە هەردوو چامەکە بەدیمان نەکرد.

**************************

دووەم/سەروادار: ئەوەیە کەدوو هەڵوێستی پەخشان یان زیاتر لەسەر یەك پیت یان پتر بووەستن، سەروای پەخشان وەکو سەروای هۆنراوە وایە، ئەوەندە هەیە لە هۆنراوەدا دەبێت کێشێك هەبێت، بەڵام لە پەخشاندا مەرج نی یە، "لەگەڵ ئەوەی کە سەروادار بڕگە بڕگە دەوەستێ و بڕگەکانیش بەرامبەر یەك ڕادەوەستن و هێزێکی گەورە دروست دەکات بەڵام تەنیا ئەم بەرامبەر و ئەم بڕگە بڕگانە نابێتە هۆی ئەوەی کە سەروادار دروست بێ بەڵکو دەبێ ئەو وشانەی سەروادار دروست دەکەن وشەیەکی نەرم و ناسك و هەڵبژاردە و لە جێی خۆی بێت".(١١) نالی زۆر بەجوانی هونەری سەرواداری بەکارهێناوە لەم دێڕە:

(قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور) (ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری(شارەزوور)!)دن(١٧٤)

لێرەدا سەروا لەم هۆنراوەیەدا هەیە لە کۆتایی دێڕەکانەوە لە دوو وشەی(مروور) و(شارەزوور) هەرچەندە ئەم دوو وشەیە جیاوازن بەڵام دوو پیتی کۆتایی وەکو یەکن و بە(وور)کۆتایی دێت. یان وەك لەم دێڕەی سالم:

(جانم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر!) (ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهی پڕ خەطەر) دس(٣٣٠)

لەکاتی خوێندنەوەی ئەم بەیتەدا دەبێت جۆرە سەروایەك دەدرێ لەکۆتایی وشەکان لەنێو دێری یەکەم و دووەم کە دەبینین هەردوو وشەی (سەحەر) و (خەطەر) کۆتاییان هاتووە بە(ەر) و سەروای دروست کردووە،

**********************************

سێیەم/دووپاتکردنەوە:–التکرار: ئەوەیە شاعیر ووشەیەك یان دەستەواژەیەك یان ڕستەیەك بێنێ و چەند جارێك دووبارەی بکاتەوە. بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی، بە مەرجێك هەموویان واتایان یەك بێت، لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێت. واتە لە ڕووخسار و ناوەڕۆکی ووشەکەوە وەك یەك بن، هەروەها بۆ چەندین مەبەست بەکار دێت، وەك بۆ چەسپاندنی(واتا)یە لە مێشکی گوێگرو بردنە نێو دڵییەوە، وە بۆ دامەزراندنی کێشی هۆنراوە، بۆ بڕینەوەی هۆنراوەو بەجێ هێشتنی کاریگەری یەکی بەهێز، بەڵام تەنها بۆ یەك مەبەست لە هەردوو چامەکە بەدیمان کرد، ئەوەش بۆ نیشاندانی خەم و خەفەت و پەرۆشی.

( هەم هەم عەنانی ئاهم و، هەم هەم ڕیکابی ئەشك

ڕەحمێ بەم ئاه و ئەشکە بکە، هەستە بێ قوصوور ) دن(١٧٧)

******************************************

چوارەم/گێڕانەوە: گێڕانەوە بریتییە لە"هەڵواسینی وشەیەك لەلایەن شاعیرەوە لە دێڕێکدا بە واتایەك دواتر لە هەمان دێڕدا ئەو وشەیە دەگێڕێتەوە بە واتایەکی دیکەی دەبەستێتەوە".(١٢) واتای گێڕانەوە ئەوەیە کە وشەیەك یان ڕستەیەك یان دەستەواژەیەك بێنێ کەبە واتایەکی تایبەتیەوە بەسترابێتەوە پاشان هەمان وشە یان ڕستە یان دەستەواژە بهێنێتەوە بەڵام ئەمجارە پەیوەندی بە شتێکی دیکەوە هەبێ، واتە شاعیر وشەیەك بۆچەند جارێك بەکاربهێنێ و چەندجاری گرێ بدات. گێڕانەوە چەندین جۆری لێی دەردەکەوێت وەك:

١– گێڕانەوە بە ووشەی سادە:وەك نالی دەڵێت:

( شامی هەموو نەهار و، فوصوولی هەموو بەهار ) ( تۆزی هەموو عەبیر و، بوخاری هەموو بوخوور ) دن(١٨٢)

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر نالی (چوار)جار وشەی (هەموو)ی گێڕاوەتەوە و هەر جارێ بۆشتێکی گێڕاوەتەوە، جارێ لەگەڵ (نەهار) و جارێ لەگەڵ (بەهار) و جارێ لەگەڵ (عەبیر) و جارێ لەگەڵ (بوخوور) .

یان سالم :(سەربانی پڕ لە گەژدوم و دیواری پڕ لە مار)

گوودالی پڕ لە ڕەهزەن و صەحرایی پڕ خەطەر) دس(٣٣٩) لەم هۆنراوەیەدا شاعیر چوارجار وشەی (پڕ)ی بەکارهێناوە و هەرجارێ بەوشەیەکەوە بەستراوەتەوە یەکەم بە (گەژدوم) واتا دوپشك و دووەم بە (مار) و سێیەم بە(ڕەهزەن) و چوارەمیان بە (خەتەر) کەواتە وشەی(پڕ) چوار جار گێڕاوەتەوە و هەرجارەو بۆ مەبەستێکی دیاریکراو.

٢–گێڕانەوە بە ئامرازی پەیوەندی: وەك لەم دێڕەی سالم:

( شەمرێکە پڕ لە ظوڵم و مەکانێکە پڕ لە شین ) ( جایێکە پڕ لە شۆر و، وڵاتێکە پڕ لە شەڕ ) دس(٣٣٨) شاعیر لەم هۆنراوەیەدا لەنیوە دێڕی یەکەم و دووەم چوارجار وشەی (پڕ)ی بەکار هێناوە هەر جارێ بە وشەیەکی تر بەستویەتی جارێ بە(زوڵم)و جارێ بە(شین)و جارێ بە(شۆر)و جارێ بە(شەڕ)بەم جۆرە چوار جار وشەی(پڕ)ی گێڕاوەتەوە و هەر جارەی بۆ شتێکی تری گێڕاوەتەوە.

٣- گێڕانەوە بە ڕستە: ٤-گێڕانەوە بە گرێ: بەڵام لە هەردوو چامەکە نمونەمان بۆ(ڕستەوگرێ) بەدی نەکرد.

******************************************

پێنچەم/کەرت کردن_التشطیر: ئەم هونەرە کە پێی دەگوترێت کەرتکردن، یەکێکە لە هونەرە جوانکارییەکان، (عەبدولسلام سالار) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات و دەڵێت:"کەرتکردن، دابەش کردنی هەر دێڕە یان نیوە دێڕە شیعرێکە بە چەند کەرتێکی سەرواداراوەو سەرباری بوونی سەروای گشتی شیعرەکە، ئەو کەرتانە هاوسەروا دەبن و زۆر جاریش هاوکێش دەبن".(١٣) بێجگە لە عەبدولسەلام سالار، زانا یاسین لە نامەی ماستەرەکەی دەربارەی ئەم هونەرە دەڵێت"کەرتکردن کە بۆ ڕازاندنەوەی ڕووخساری شیعری شاعیران پەنای بۆ دەبەن، دەبێتە هۆی ئاسان خوێندنەوەی شیعر بەهۆی ئەو کەرتە هاوکێش و هاوسەروایانەوە".(١٤)

هەروەها رۆکان گۆریل شعیا، دەربارەی کەرتکردن دەڵێت"ئەم هونەرە خۆی لەخۆیدا وا لەشیعردەکات ئەو جوانییەی کە سەرواکەی هەیەتی لە ڕووی خوێندنەوەوە ئاسان وخۆش بێت و وا لە خوێنەر دەکات بەردەوامییەك بدا بە شیعرەکەو کاریگەری بهێڵێت لەسەر خوێنەرو ئەمەش وا دەکات لەبەرکردنی ئاسان بێت وەك لەوەی شیعرێك سەروادار وکێشدار نەبێت".(١٥) وەك نالی دەڵێت:

( خاکی میزاجی عەنبەرو، داری ڕەواجی عوود) (بەردی خەراجی گەوهەر و، جۆباری عەینی نوور )

( شامی هەموو نەهارو، فوصوولی هەموو بەهار ) ( تۆزی هەموو عەبیر و، بوخاری هەموو بوخوور ) دن(١٨٢)

*******************************

شەشەم/تێ هەڵکێش: ئەوەیە شاعیر (نیوە دێرێك) یان هۆنراوەیەك یا دێرێك یان پارچە هۆنراوەیەکی تەواوی شاعیرێکی تر بێنێ و لە هۆنراوەکەی خۆیدا هەڵیبکێشێ و پێی برازێنێتەوە، (ئیدریس عەبدوڵلا) لە کتێبی (جوانکاری لە ئەدەبی کوردی دا)، دەڵێت:"تێهەڵکێش لە عەرەبیدا (التظمین)ی پێدەگووترێت، بریتییە لە تێهەڵکێش کردنی ڕستە و گووتەی یەکێکی تر بەو هۆنراوەیەی شاعیرێك لەنوێ دایدەڕێژێت، جا گووتەو ڕستە کە ئایەتێکی قورئان بێت، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەربێت، یان پەندێکی پێشینان بێت، یان نیوە دێری دێڕە هۆنراوەی شاعیرێکی تر بێت".(١٦) عەزیز گەردی دەڵێت"تێهەڵکێش لە پەخشانیش نووسەر پەنای بۆ دەبات، زۆرجار ووتەکانی خۆی لەم ڕێگەیەوە بەووتەی کەسانی تر بەهێز دەکات".(١٧) بەڕای (علاءالدین سجادی) دەڵێ "تێهەڵکێش دەبێت پارچەیەکی شیعری شاعیرێکی تریان لە شیعری زمانێکی تر بێت، یان ئایەتێکی قورئانی پیرۆز یان ووتەیەکی پێغەمبەر بێت، یان پەندێکی پێشینان بێت".(١٨) تێهەڵکێش بەچەند شێوەێك دەردەکەوێت:

١-تێهەڵکێش لەگەڵ شیعری شاعرێکی کوردی تر یان زمانێکی تر. ٢- تێهەڵکێش لەگەڵ پەندی پێشینان.

٣- تێهەڵکێش لەگەڵ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز یان ووتەیەکی پێغەمبەر(درووودی خوای لێبێت). تەنها لە شێوەی تێهەڵکێش لەگەڵ ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا نموونەمان دەستکەوت، ئەویش لە دێرێکی سالم دایە.

( ئەمڕۆ فەضایی بازیگەه جایی ڕەهزەنە ) ( لەو دەشتە دێ لە غەیبەوە ئاوازی "الحَذَرْ" ) دس(٣٣٨)

لێرەدا سالم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: ئەوسا شوێنی یاری و خۆشی وهێمنایەتی بوو، ئێستا شوێنی جەردەو ڕێگرە هەر لەدەشتەوە لەغەیبەوە هاوار دێت و دەڵێت: ئاگاتان لە خۆبێت و خۆتان بپارێزن، وادیارە غەیبیش ناڕازی بووە لە کردەوەی تورکەکان.

**********************************

تەوەری دووەم: لەو جوانییە دەدوێت کە لە ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبییەوە هەڵدەقوڵێت و دەی ڕازێنێتەوە.

یەکەم/دژیەك (الطباق): دژیەك یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتای، بریتیە لە کۆکردنەوەی دوو وشە کە ئەو دوو وشانە "لە ڕووی واتاوە دژ و پێچەوانەی یەکن".(١٩) جا ئەم دژیەك و پێچەوانەیە دەبێت لە هۆنراوەدا بێت یا لە پەخشان، لەم دژیەکەدا "دوو وشەی نەگونجاو ئەهێنرێت لە ڕستەدا بەرامبەری یەك ئەوەستێنرێت وەك ئەوەی ڕووناکی بەرامبەر بە تاریکی چاکە بەرامبەر بە خەرابە، بەرزی بەرامبەر بە نزمی".(٢٠) کەچی لە ڕووی واتاوە دروست دەبێت وەك ڕەش و سپی یا بەهۆی ئامرازەوە وەك (چووم و نەچووم)،

لهۆن قادر لە کتێبەکەیدا ئاماژە بۆ دژیەك دەکات و دەڵێت:"تقابل وشەیەکی عەرەبییە و بەواتای بەرامبەر یەکبوونی دوانەیەك، یاخود لە بەرامبەر دانان و وەستانی دوانەیەك، ئەمە وشەیەکی گشتییە، کە واتای بەرامبەربوونی دوودژ، یاخود بەرامبەر بوونی دووناکۆك".(٢١) واتە

دژیەك بریتییە لەهێنانی دوو ووشەی دژ بەیەك، یان ڕوو بەڕووكردنی دوو واتای پێچەوانەی یەك، جا ئەم دژیەك و پێچەوانەیە، دەشێت لە هۆنراوەدا بێت یان لەپەخشان دا.

جۆرەكانی دژیەك: بەپێی ئەو وشانەی كە دژیەك دروست دەكەن دوو جۆر دژیەكی جیاواز هەیە ئەویش:

١-دژیەكی فەرهەنگی: ئەویش وادەبێ ئەو دوو وشەیەی كە ناویان دەبرێ و دژیەكیان لێ دەكەوێتەوە لە بارەی ڕەگەزەوە هیچ پەیوەندییان پێكەوە نەبێ هەریەكەیان لە ڕەگەزێكی سەربەخۆ بێت. لەعەرەبی دا(طباق الأيجاب)ی پێ دەڵێن "كە بریتییە لە بوونی دوو وشە هەر لە بنچی دا دژوو پێچەوانەی واتای یەكترن، وەكو{باش و خراپ، پاك و پیس} یان بەشێوەیەكی تر دوو ووشەكانی(دژیەك)، دوو سەرچاوەی لە یەك جیایان هەیە و، پەیوەندی نێوانیان دا سروشتییە، نەك دروستكراوە".(٢٢) یاخود بەواتایەكی تر دەتوانین بڵێین"دژیەك ئەو دژیەكەیە كە دوو وشەكانی لە فەرهەنگی زمانەوە هەریەكەو ڕەنگێكی سەربەخۆیان هەیە".(٢٣) دژیەكی فەرهەنگی بەچەندین جۆر دەردەكەوێت:

١-دەشێت هەردوو ووشە دژ یەكەكان،(ناو)بن:

( سەیرێ بكە لەبەرد و لەداری مەحەللەكان ) ( دەورێ بدە بەپرسش و تەفتیش و خوار و ژوور )دن(١٨٤)

لەم دێرە هۆنراوەیەدا شاعیر دوو وشەی (خوار) و (ژوور)ی هێناوەتەوە كە هەردووكیان دژ و پێچەوانەی یەكن و دژیەكی فەرهەنگین، هەردووكیان ناون .

٢-دەشێت ووشە دژ یەكەكان دوو(ئاوەڵناو)بن.

((سەیوان) پڕە لە شەخصی ستەمدیدە، خوارو ژوور) (هەر قەبری پڕ غەمانە بە هەر لا دەكەم نەظەر)دس(٣٣٥)

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر هەردوو وشەی (خوار) و(ژوور)ی هێناوەتەوە كە دژ و پێچەوانەی یەكن و دژیەكی فەرهەنگین، هەردووكیان ئاوەڵناون .

٣-دەشێت ووشە دژیەكەكان دوو (كردار)بن.

( دەس بەندیانە دێن و دەچن، سەرو و نارەوەن! ؟ ) ( یا حەڵقەیانە سۆفیی مل خوار و مەندەبوور؟ ) دن(١٩١)

لێرەدا شاعیر دوو كرداری هێناوەتەوە(دێن)و(دەچن)كە هەردووكیان دژ وپێچەوانەی یەكن وهەردووكیان دژیەكی فەرهەنگین، هەردوو ووشەش كردارن.

٤-یان وا دەبێ هەردوو دژیەكەكان(جێناو)دەبن.

( بۆ مولكی شامە نامەیی من، سوویی"نالی"یە ) ( هەر حەرفی ئەو لە وەضعی ویلایەت دەدا خەبەر) دس(٣٣٣)

لێرەدا سالم جێناوی هێناوەتەوە (من) و (ئەو) كە هەردووكیان دژیەكن و دژیەكی فەرهەنگین، جێناویشن.

٢- دژیەكی نافەرهەنگی: ئەم دژیەكە لەزمانی عەرەبیدا (طباق السلب)ی پێدەگوترێت،"بریتییە لە بوونی دوو وشە بەیەك دژ و پێچەوانانەی كە لە فەرهەنگی زماندا هەریەكیان ڕیشەو بنجێكی ڕەسەن وسەربەخۆی نییە، پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەكی دروستكراوە، بەڵام وشەی دووەم لەسەر بنەمای پێچەوانەیی بۆ وشەی یەكەم دروست دەبێت بەواتا وشەی دووەم هەمیشە دەبێتە نەرێنی وشەی یەكەم ، بۆیە بەم جۆرە دژیەكە دەگوترێ دژیەكی نافەرهەنگی".(٢٤) واتە"لێرەدا وشەكان هەر یەكن بەڵام ئەوەندە هەیە یەكێكیان ئەوزاری نەرێی هاتووەتە سەر".(٢٥) دژیەكی نا فەرهەنگی بەچەندین جۆر دەردەكەوێت: دەشێت دوو ووشە دژیەكەكان دوو (ناو)بن، یان دوو (ڕاناو)بن، یان دوو (ئاوەڵناو)بن یان دوو(فرمان)بن. بەڵام تەنها لە(فەرمان) نموونەمان بە دەست كەوت.

دەشێ وشە دژیەكەكان دوو(فرمان)بن. ئەمەش بەچەند شێوەیەك دێت، وەكو{نا،نە،مە}.

أ-دەشێ فرمانی دووەم، كە نەرێی فرمانی یەكەمە لە ڕستەدا بە(نا) نەرێ كرابێ، ئەمەش تایبەتە بەفرمانی ڕانەبردووی هەواڵی، لەو بارەدا (نا)ی نەرێ یەكە، شوێنی(دە)ی نیشانەی فرمانە ڕانەبردووەكە دەگرێتەوە،

(ئەم مولكە نەظمي نابێ بەبێ ضه بطی واریثی )( بێ ئەو بە قەصدی ئەم طەرەفە، با نەكا سەفەر!)دس(٣٤٠)

لێرەدا شاعیر دوو وشەی (نابێ)و (بێ)ی هێناوەتەوە كە هەردووكیان دژیەكن بەڵام دژیەكی نافەرهەنگی چونكە ڕەگ و ڕیشەی دوو وشە كە یەك وشەیە بەڵام بەهۆی (نا) بووەتە دژو پێچەوانەی یەكتر.

ب-دەشێ فرمانی دووەم كە نەرێی فرمانی یەكەمە، لەدێڕەكەدا بە(نە)ی نەرێ كرابێ ئەمەش تایبەتە بەفرمانی ڕانە بردووی دارشتن ودەمەكانی فرمانی ڕانەبردووی هەواڵی ودارشتنی..

(واصیل بكە عەبیری سەلامم بە حوجرەكەم ) ( چیی ماوە، چیی نەماوە، لە هەیوان و تاق و ژوور؟) دن(١٩٥)

لێرەدا شاعیر دوو وشەی (ماوە)و ( نەماوە )ی هێناوەتەوە کە هەردووکیان دژیەکن بەڵام دژیەکی نافەرهەنگی چونکە ڕەگ و پیشەی دوو وشە کە یەك وشەیە بەڵام بەهۆی (نە) بووەتە دژو پێچەوانەی یەکتر.

("سالـم"صیفەت لە بێ کەسییا با نەبێ هیلاك) (من کردم، ئەو نەکا لە غەما خوێنی خۆی هەدەر) دس(٣٤٠)

لەم هۆنراوەیەدا سالم هەردوو کاری(کردم) و (نەکا)ی هێناوەتەوە کە دژ و پێچەوانەی یەکن و دژیەکی فەرهەنگین و، باس لەوە دەکات کە دەڵێ بە نالی بڵێن، با خۆی ماندوو نەکات وەك من، ژیانی خوێی بە هەدەر نەدا، من کردم و ئەو با نەی یکا.

****************************

دووەم/تیلنیشان: بریتییە لە ئاماژە دانی شاعیر بەئایەتێکی قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەر یان پەندێکی پێشینان یان بەسەرهاتێك، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ بابەتە کە بکات و لە سەری بدوێ و بە درێژی باسی بکات، بەڵکو تەنها هەر بە ئاماژەیەك بەسەریاندا تێ دە پەڕێت .

( یا چەشمەساری خاطری پڕ فەیضی عاریفە ) ( یەنبوعی نوورە دابڕژێنێ لە کێوی طوور) دن(١٨٠)

شاعیر لێرەدا ئاماژە بۆ کێوی طور دەکات، ئەو کێوەیە کە خودای مەزن کاتێ قسەی لەگەڵ حەزرەتی موسا تیاکرد ونووری خۆی تیاپیشان دا.( ئەو غاری یارە ئێستە پڕ ئەغیارە ، یا نە خۆ)

( هەر غاری یارە ، یا بووەتە غاری مار و موور؟ )دن(١٩٥)

لێرەش دا ئاماژە بۆ ئەشکەوتەکەی(ثـەور) دەکات،و دوڵێت حوجرەکەم کە ئەوسا بۆ من وهاوڕێکانم وەك ئەشکەوتەکەی(ثـەور)بوو بۆ پێغەمبەر(د.خ)و ئەبو بەکری هاوڕێی، ئێستا پڕ بووە لەبێگانە وکەسانی نەناس، یا هەروەك جاران دۆست و برادەری تیایە، چۆل و هۆڵە ومەگەر مار ومێروولەی تیابێ.

**********************************************

سێ یەم/پێچان وکردنەوە: ئەوەیە کە"ناوی چەند شتێك بەشوێن یەکەوە بێنی و لە تەنیشت یەکترییان دا بنێین، پاشان ئەو پێچانە بکەیتەوە، واتە:چەند وشەیەکی تر دەهێنی کە پەیوەندییان بە ووشە پێچراوەکانەوە هەبێت بۆ ئەوان بگەڕێتەوە، بەبێ ئەوەی ئەوە دیاری بکەی کە بۆکام ووشە دەگەڕێتەوە، چونکە خوێنەر خۆی توانای ئەوەی هەیە هەریەکیان بۆ ئەوە بیباتەوە کە پەیوەندی پێوە هەیە".(٢٦) مەلا عبدالکریمی مدرس دەڵێت:"لف ونشری مرتب ئەوەیە ئینسان بەیانی چەند شتێ بکاو پاشان بەیانی ئەوصافی ئەو شتانە بکا بە ڕیز، یەکەم بۆ یەکەم و دووەم بۆ دووەم و هەروا تا ئاخری هەموویان".(٢٧)

جۆرەکانی پێچان وکردنەوە: ١-پێچان وکردنەوەی ڕێك: چەند ووشەیەك لەتەنیشت یەك بێنی و بۆ یەك جار بیکەیتەوە،ئەویش بەرێکی. وەك لەم دێڕەی نالی کە هاتووە فرمێسکی تەڕ گەرمی عاشقی بەیەکەوە پێچاوەو بە هەردوو ووشەی طۆفانی دیدەوو شەرەری قەلبی کردۆتەوە ئەم دێرە پێچان وکردنەوەی ڕێکە چونکە ووشەی طۆفانی دیدە بۆ ووشەی یەکەم دەگەڕێتەوە کە وشەی ئەشکی تەڕەو، ووشەی شەرەری قەلبیش بۆ گەرمی عاشقان دەوگەڕێتەوە.(ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ وگەرمی عاشقان!)

( طۆفانی دیدەوو شەرەری قەلبی وەك تەنوور!) دن(١٧٦)

جۆرەکانی تری پێچان وکردنەوەپێك دێن لە{٢-پێچان وکردنەوەی نارێك.٣-پێچان وکردنەوەی ڕێك ونارێك.

٤-پێچان وکردنەوەی نارێك ورێك.٥-پێچان وکردنەوەی زۆر.}

*******************************

چوارەم/جوانی بایس: لە عەرەبیدا((حسن التعلیل))ی پێ دەگوترێت، مەبەست لێی ئەو هۆیە یە کە شاعیر بۆ ڕوودان و ڕوونـەدانی کـارێ لـە کارەکان، یان دیاریدەێی لە دیمەنەکانی دادەنێ، بەڵام ئەو هۆیە هۆی دروستی کارو دیاریدە کە نییە کە داوێتە پاڵیان، بەڵکو بۆ ناسکی دەربڕین و جوانی شێوازی ئەدەبی پەنای بۆ بردووە، واتە"سەرچاوەکەی سۆزو ئەندێشەیە، مەبەست لێی دروستکردنی کاریگەری بـە سـەرو ویـژدان و خۆشی خستنە نێو دڵی بینەرەوە".(٢٨) وەك لەم دێڕەی نالی:

( داخۆ دەروونی شەق نەبووە( پردی سەرشەقام)) ( پیر و فوتادە تەن نەبووە ( داری پیرەمسوور ) ) دن(١٨٤)

شاعیر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات وەك ئەوە وایە کە پردی سەر شەقام دەروونی هەبێ و، ئەمیش پرسیاری ئەوە دەکات، و دەڵێت ئایە پردی سەر شەقام دەروونی شەق نەبوو.جوانی بایسەکەش لە ووشەی شەقبوونە کە نە پرد نابێ دەروونی هەبێ ونە شەقیش دەبێت.

*******************************************************

پێنچەم/زیادەڕەویی(المبالغة): لە هۆنراوەدا گەیشتن بەپلەی نائاسایی لە وەصفکردنی هەر دیاریدەیەکدا دەبێتە مایەی جوان بەخشین و بە پیزبوونی ئەو هۆنراوەیە، ئەوەش بە بەکارهێنانی هونەری زیادەڕەوی دەبێ، بلیمەتیی شاعیر لەوەدایە کە تاچ ڕادەیەك زیادەڕەوی کردووە، بۆ ئەم جۆرە هونەرە جوانکارییەش

چەندین ڕای جیا جیا هەیە لە لایەن نووسەرانەوە: لەوانە نووسەر(احمد الهاشمي) لەم بارەیەوە دەڵێت"ئەویە کەقسەکەر لە وەسف کردنی شتێکدا بگاتە پلەیەکی مەحاڵ، لەکزی یان لەبەهێزی دا".(٢٩) هەر دەربارەی زیادە ڕەویی مامۆستا عەلائەدین سوجادی دەڵێت" زیادە ڕەویی ئەوەیە کەسیفەتێك بۆ شتێك بووترێ، پێچەوانەی ڕاستی بێ، بەلأم ئەبێ نەختێکیش بەڕێ و جێ بێ، لەوانە نەبێ کەبەتەواوی درۆبێ ".(٣٠) یان ڕۆکان گوریل شعیا وا بۆ ئەم هونەرە دەچێ"ئەم هونەرە زیاتر لەشیعری دلداریدا بەشێوەیەکی فراوان بەرچاو دەکەوێت بەتایبەتی لەوکاتەی وەسفی یارەکەی دەکات و وەسفەکەی دەگاتە حاڵەتێك کە زیادە ڕەوەی زۆری تێدا دەکات، ئەمەش خۆی بەخۆیدا جوانییەك دەبەخشێ بەشیعرەکە".(٣١)

هەروەها زانا یاسین دەڵێت:"شاعیران هەندێك جار لە وەسف کردنی شتێك یان دیاریدەیەك سنووری ئاسایی تێدەپەڕێنن بە مەبەستی بەخشینی جوانییەك بە شیعرەکانیان، بۆ ئەمەش ڕوو لە هونەری زیادەڕەوی دەکەن".(٣٢) وەك سالم دەڵێت:

( کەی دێتە خەندە غونچە، دەمی، بێ وەزیدەنت؟ ) ( گەر تۆ نەبی، درەختی چەمەن ناگرێ ثەمەر) دس(٣٣٢)

شاعیر دەڵێت ئەی بای، پەیك وتەتەر! ئەگەر تۆ هەڵنەکەی، دەمی بچکۆلەی خونچەی نازدارکەی دێتە پێکەنین و دەکرێتەوە، داری باخ وبێستان کەی بەر دەگرن، ڕاستە هەر بایە دار ئاوس دەکا ودیهێنێتە بەر.

شەشەم پۆشین: لەزمانی عەرەبی دا((التوریە))ی پێ دەڵێن،کە بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان دوو شت، یەکیان واتایەکی دووری هەبێ وئەوەی تریان واتایەکی نزیکی هەبێ. بەلأم لە دەقە کە مەبەست و واتا دوورەکەبێ، یان بە واتایەکی تر، "واتای ئەوەیە کە شاعیر وشەیەك بێنێت، ئەو وشەیە دوو واتا بگەێنێت، مەبەست لە دوور ئەوەیە پیاو درەنگ بۆی دەچێ، بەلأم نزیك مەبەستمان ئەوەیە کە خوێنەر هەر زوو بۆی دەچێ ووەریدەگرێ، جا مەرجە لە پۆشین کە نووسەر مەبەستی بەم ووشە جووت واتایە، واتا دوورەکە بێت.(٣٣)

( یەعنی ڕیاضی ڕەوضە کە تێدا بە چەن دەمێ )( موشکین دەبیی بە کاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور) دن(١٨١)

لێرەدا شاعیر ووشەی ڕیاض و ڕەوضەی هاوردۆتەوە کەهەردووکیان هەمان واتا دەبەخشن و،ئەویش باخچەیە و هەم بەواتای بەهەشت دێت، ئەویش هەردوو واتاکەی لێرەدا مەبەستە، واتە نزیکەکەی مەبەست لەوە دێت شاری سلێمانی پڕ لە باخچەیەو بۆنی خۆش ئەبەخشێ ، دوورەکەش لەوەدێت کە بەهەشت پڕ لە باخچەو بێستانی جوانە کە پڕن لەخۆشی و حۆری جوانی،

*********************************************

بەشی سێ یەم: واتانسی لە دوو چامەکەی نالی وسالم دا.

واتاناسی:ئەم زانستە بە چەند شێوەیەك پێناسە کراوە لەوانە"ئەوزانستەیە کەخۆی دەپارێزێ لە هەڵە، وە لە هەوڵی دەست کەوتن وبەدیهێنانی واتای مەبەست".(١) ئەم بەشە ڕوودەکاتە ناوەڕۆك و واتای دەقەکە. وە باسی ئەوە دەکات کە پێش و پاشکردنی ناوو کردارەکان، هەڵبژاردنی (ووشەی پرس) چۆن کار دەکاتە سەر واتای گشتی بەرهەمەکە. علي جارم و مصطفى أمين کاتێ پێناسە بۆ واتاناسی دەکەن دەڵێن:"واتاناسی بریتییە لە کۆیی واتا، واتاش لە زمان دا مەبەست و خواستە. وە پێناسە بۆ واتاناسی لە ڕووی زاراوەوە: بریتییە لەو زانستە کە دەناسرێ بە جێهێنانی ئاخاوتن تاکو دەبێتە هاوواتایی گونجاو و پارێزراو لە کەوتنی لە واتایی هەڵەکە قسەکەر نایەوێت".(٢) بەشێوەیەکی تر واتاناسی واتا"ئەو یاساو ڕێسایەیە کە بەهۆیانەوە دەردەکەوێت، کە دەربڕینکە تا چ ڕادەیێك لەگەڵ ئەو بارە بیرۆکەیەی گوزارشتی لێدەکات، تاوەکو دەربڕینەکە بەو شێوەیە بێت، کەمەبستەو دووربکەوێتەوە لە تێکەوتنی هەر هەڵەیەك".(٣)

هەروەها نووسەری ئێرانی (محمد سعيد ابراهيم)، دەڵێت:"واتاناسی واتەدەستورو ڕەچەڵەیە کە(أصول والقواعد)کە بەبۆنەی ئەوان بوێژ بتوانێ مەبەستی دەروونی خۆی بەرامبەر حاڵ و پێویستی بیستیار دەربڕێ و مانایەکی دووەهەمی کە لە پێکهێنانی ڕستەیێك دێ وەك لێ سوربون(حصل وصل)قسەڕوون کاتەوەو لەوتە کورتکردنەوە(ایجاز)و درێژ پێدانی(اطناب) و بەرامبەری(مساوات)باس بکات و لێی بکۆڵێتەوە".(٤)

بە کورتی واتاناسی:بریتییە لە وزانستەی بۆ سەلماندنی ئەو گوتەیەی کە دەوترێت لە هەموو شوێنێك ووتەو گوفتاری خۆی، وە بریتیە لەو زانستەی کە کار بۆ هێنانی گوتەی هاوسەنگی بێت بۆ ڕێزبەندی واتا لە دەروونی قسەکەردا . گوزارشتکردن و دەربڕینیش دەکرێتە دوو جۆر ئەویش(هەواڵ ودارشتن)ە.

یەکەم هەواڵ: بەچەند شێوەیەك بۆ هەواڵ پێناسە کراوە لەوانە:"ئەو قسەیە یە یان ئەو پەیامە یە یا ئەو باسەیە کە ڕاست و درۆ بەخۆیەوە هەڵدەگرێت، واتەدەشێ هەواڵەکە ڕاست بێ و دەشێ درۆ بێ".(٥)

یان عەبدول سلام سالار لە نامەی ماستەرەکە دەڵێت"هەموو قسەیەك ڕاست یان درۆ بەخۆیەوە هەڵبگرێت،چونکە قسە(مەبەستمان لە هەواڵە)نابێت لەهەمان کاتدا ڕاست و درۆ بەخۆیەوە هەڵبگرێت، دەبێ یان ڕاست بێت(لەگەڵ واقیع دا گونجاو بێت)یان درۆبێت(لەگەڵ واقیع دا گونجاو بێت)کاتێ قسە بۆ گوێ گر دەکرێت".(٦) یان د.ئیدریس عەبدوڵڵا دەبێژێ"هەواڵ ئەو ئاوخاوتنەیە، کە بەوپێیەی تەنیا ئاخاوتنەو بەبێ بەرچاوگرتنی ئەو کەسەی خستوویەتییە ڕوو، هەروەها بەبێ تەماشاکردنی ئەوەی ئەم ئاخاوتنە بەستراوەتەوە بەوەی بێگومان ڕاستییەتی وەدەردەخات، یان بەستراوەتەوە بەوەی بێگومان درۆیی دەردەخەن، دەشێ ڕاست یان، درۆ بێت".(٧) یان هەواڵ واتە"ئەوقسەیە یان ئەو دەربڕینەیە لایانی ڕاست و درۆی هەبێ بتوانی بڵێی ڕاستە یان بڵێی درۆیە".(٨) ڕۆکان گوریل شعیا دەڵێت بەلای ئێمەوەشەوە هەواڵ"بریتییە لەوەی ئەگەر لەگەڵ واقیعدا گونجاو یەك بوو ئەو هەواڵە ڕاستە ئەگەر لەگەڵ واقیع نەگونجاو ڕێك نەبوو ئەوە هەواڵەکە ناڕاستە".(٩) واتە وەکو د.عبدالواحد دەزیی دەبێژێ "ئەرکی سەرەکی هەواڵ گواستنەوەی زانیارییە بۆ بەرامبەر، وەیا پێڕاگەیاندنییەتی کە هەواڵکە دەزانێت".(١٠)

هەواڵ بۆ یەکێك لەم دوو مەبەستە سەرەکییانە ڕادەگەێنرێ:-

١-یان بۆ ئەوەی گوێگر یان خوێنەر بە ناوەرۆکی هەواڵەکە بزانێ، وە یەکەم جارێتی بیستبێتی، ئەمەش لە هەموو مەبەستەکانی هەواڵ گرنگترو بایەخدارترەو پێی دەگوترێت(هەواڵی دروست)، وەك بەکەسێك بڵێت:(سبەی دەچم بۆ بەژداری کردن لە کۆنفراس)، ئەمیش هەواڵیکی واقیع و(دروست)ە.

بەلاّم هەموو مەبەستەکانی تری هەواڵ دەکەونە خانەی دووەم کە ئەویش پێی دەووترێت((هەواڵی خوازی)).

٢- بۆ ئەوەی بە گوێگر یان خوێنەر ڕابگەیێنی منیش ئاگاداری هەواڵەکەم، بەلاّم لێرەدا گوێگر ئاگەداری هەواڵەکە هەیە، وەك بەکەسێك بڵێت: "دوێنێ تۆ لە سەیران بوویت"ئەمەش دوورە لە یاسای هەواڵی دروست، بۆیە هەواڵی((خوازە))ی پێ دەووترێت. ئەم هەواڵەش هیچی نوێی بۆ ئەو تێدا نییە ئەوە نەبێ کە لەم قسەیە تێ دەگا کە تۆ بەچوونە سەیرنی ئەوت زانیوە، مەبەستی تۆش لێرەدا هەر ئەوەندە بووە. ئەم جۆرە هەواڵە پێی دەگوترێت((هەواڵی هۆشیارکردنەوە)).کە جۆرێکە لە هەواڵی خوازە. ئیتر دەتوانین بڵێن نامەکەی نالی زۆرینەی هەر پرسیارە بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کات دەچێتە خانەی شێوە هەواڵ، بۆیە هەندێ لەو دێڕانەی چامەکەی(نالی)مان وەك نموونە بە کارهێناوە، کەچی نامەکەی سالم خۆی لەخۆیدا هەمووی هەواڵ گەیاندنە بۆ(نالی)، بەڵگەش بۆ ئەم قسانە بڕوانە ئەم چەند نمونەیەی سالم:

(بۆ موڵکی شامە نامەیی من، سوویی(نالی)یە ) ( هەر حەرفی ئەو لە وەضعی ویلایەت دەدا خەبەر) دس(٣٣٣)

لێرەدا سالم دەڵێت"ئەم نامەیە کەمن ئەتدەمێ ئەی با ! ئەمە بۆ ووڵاتی (شام)ە و بۆ لای (نالی)یە، بۆم بەرەو بی دەرێ، چونکە هەر پیتێکی ئەم نامەیە قسە لە کارو بارێکی ئەم وڵاتەوە ئەکاو هەر وشەیەکی جۆرە خەبەرێکی تێدایە، بۆیەش پیتێکی قسە لە شتێکەوە ئەکا، چونکە ئەو باسی هەندێ شوێنی کردووە و ویستوویە ئاگاداری بێ لەبەسەر هاتی ئەو جێگایە، بۆ ئەوە بتوانێ شوێنەکان و دۆستەکانی سەر لە نوێ بەیادیکاتەوە،جا ئەم نامەیە ئەوەی ئەو ئەیەوێ تێدایەو ئەو ئاگادارییانەی ئەداتێ".(١١)

مەبەستە خوازەیەکانی هەواڵ: هەواڵیش کە دەووترێت لە بنەڕەتدا چەندین مەبەستی خوازەیی لە خۆی دەگرێ، بۆ زیاتر ئاشنابوون لە مەبەستەکان هەواڵی خوازەیی، بەچەند نموونەیەك لە چاپەکانی(نالی وسالم) دەهێنینەوە:

١-پیشاندانی بێ هێزی: وەك ئەوەی مەبەست لە هەواڵە کە ئەوەبێ قسەکەر بێ هێزی وبێ توانایی خۆی پێشان بداو شکات لە دۆخی پەشێوی خۆی بکات.وەك چۆن نالی لەم دێڕە ئاماژە پێ دەکات دەڵێت:

(سووتا ڕەواقی خانەیی صەبرم، دڵ و دەروون) (نەیماوە غەیری گۆشەیی ذیکرێکی یا صەبوور) دن(١٧٧)

نالی دەبێژێ پێش خانەو بەرهەیوانی سووتاون ، وەکوو چۆن دەروونم سووتا ئەوانیش بەو جۆرە سووتان، هیچی تێدا نەماوە جگە لەو گۆشەیە کە زکرو فیکری"یاسەبوور"هێشتوویەتەوە. واتە ڕووخسارو ناوەوەم سووتاون و بەر لە خۆڕاگرتن چارەم نییە.

٢-وەبیرهێنانەوە: واتە بیرهێنانەوەی شتی ڕابردوو لە ژیانی مرۆڤ و وەشتی ڕووداوی داهاتووی ژیانی مرۆڤ.

((سەیوان) پڕە لە شەخصی ستەمدیدە، خوارو ژوور)(هەر قەبری پڕ غەمانە بەهەر لا دەکەم نەظەر) دس(٣٣٥)

واتا لەم دێڕدا کاتێ(نالی)پرسیار لە((سەیوان))کردووەدەڵێت:هەروا سەوزو سافە لەبەر گۆڕەکەمی گۆڕی کەسەکان دیارە یاخود بەپێچەوانەوە، سالمیش بەم جورە وەڵامی ئەداتەوە و، وەك یادکردنەوەیە دەیهێنێتەوە، ئەڵێت گردی سەیوان پڕ بووە لەکەسی زاڵم و زوڵم کەر وەك جاران

ئەماوە خوارو ژوور چۆن سەیردەکەم هەر گۆڕێکی خەمێکی لەخۆ گرتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە عوسمانیەکان زۆر بەدڕندانە کەوتنە کوشتنی خەڵکی بێ گوناه وای کرد کە گۆڕستانی سەیوان تاچاو ببینیایە هەرگۆڕ بوو لەبەر زۆری.

٣-شانازی: وادەبێ هەواڵ بۆ شانازی بێ، بەدەم ئەم ستایش وشانازی یەوە هەواڵەکەمان دەداتێ.

نالی کاتێ کە باس لە شاری سلێمانی دەکات بە شانازیەوە بەم شێوەیە لەسەر دەدوێت:

(شامی هەموو ئەهارو، فوصوولی هەموو بەهار) ( تۆزی هەموو عەبیر و، بوخاری هەموو بوخوور) دن(١٨٢)

واتە شەوەکانی لەبەر ساماڵی ئاسمان و ڕووناکی پرشەی ئەستێرەکانی و سافی هەواکەی وەکو ڕۆژ وایە هیچ تاریکی تێیدا نییەو، چوار وەختەی ساڵیشی هەر بەهارە، هیچ گەردو تۆزیکی نییەو گەر هەبێتیش هەر هەمووی عەبیرە هەڵمەکەشی هەمووی بخوورە.

٤-هاندان: ئەوەیە کە هەواڵەکە هاندانێکی تێ دابێ ومەبەستیش ئەو هاندانەبێ.

(تووخودا بڵێ بە حەظرەتی (نالی): دەخیلی بم)(بەم نەوعە قەد نەکا بە سولەیمانیا گوزەر! !) دس(٣٤٠)

یەکێك لە گرنگترین ئەو هەواڵانەی کە سالم ئەیەوێ بە نالی بگەیەنێ ئەوەیە، تۆخوا بچۆ ئەی (با) پێی بڵێ نەوەك گەورەیەکی وەکو نالی ئاگای لێ نەبێ ،نەکا بە هیچ شێوەیەك رووبکاتە سلێمانی، چونکە جێگای دانیشتنی تیای دا نەماوە بۆ کەس.

٥- ئامۆژگاری: ئەم هەواڵە تەنها لێوەی ئامۆژگاری و ئاگاداریکردنی کەسی دووەمە لەلایەنی کەسی یەکەمەوە. لێرەش دا سالم وەکو ئامۆژگاری کردنێکی بۆ نالی پێی دەڵێت:

(سالم صیفەت لە بێ کەسییا با نەبێ هیلاك ) ( من کردم، ئەو نەکا لە غەما خوێنی خۆی هەدەر)دس(٣٤٠)

لەم هۆنراوەیەدا بەهەمان شێوە مەبەستی (سالم) گەیاندنی هەواڵە بەنالی و ئەڵێ باوەکو منی لێ نەیەت نالی، ئەم هەواڵەی پێ بگەیەنن دوایی کەس ناگاتە فریای باوەکو من خوێنی خۆی نەدا بەهەدەر واتا بەفیڕۆی نەدا.

****************************************

دووەم دارشتن: دارشتن-الانشاء ، بە چەندین جۆر پێناسە کراوە لەوانە(ئەحمەد ئەلهاشمی)دەڵێت"دارشتن ئەوەیە خودی واژەی دەربڕاو درۆ و ڕاستی بەخۆیەوە هەڵناگرێ".(١٢) وە دەووترێت"ئەو گوتەیەیە کە ڕاست و درۆ بە خۆیەوە هەڵناگرێ، چونکە ئەو مانایەی کە تێ یدایە هیچ واقیعی دەرەوەی نی یە تابزانین داخۆ لەگەڵی دەگونجێ یانا گونجێ".(١٣) واتە دارشتن بریتییە لە" ئەو ووتەیەیە کە نەڕاست ونەدرۆ بە خۆیەوە هەڵناگرێت، چونکە دەلالەت لەسەر ڕووداوێك ناکات کە پێش وتەکە ڕووی دابێت".(١٤) هەروەها دارشتن واتا"هونەرێکی دیکەی واتاناسییە، قسەیەکە بەشێوەی خوزگە، یان ئەگەر، یان ئاوات، یان دوعا دەخرێتەڕوو، واتە قسەیەکە ڕاستی یان چەوتی هەڵناگرێت".(١٥) لەلایەکی تر"ئەو ووتەیەیە کە نەڕاست ونەدرۆ بە خۆیەوە هەڵناگرێت، چونکە ئە ووتەیەی کە پێشدا دەوترێت ئاماژە بە هیچ شتێك ناکات ڕووی دابێت ".(١٦) محەمدسەعید ئیبراهیمیش دەربارەی دارشتن دەڵێت"ڕستەیەکە کە گونجانی ڕاست یا درۆی نی یە یا ئەوەیە ناوەڕۆکەکەی تەحقیقی نەبێ و بەدی نەیێ مەگەر ئەوکاتەی کە لەلایەن بوێژەوە دەوێژرێ لەو وەختەدا مومکینە".(١٧) دارشتن دەکرێتە دوو بەشەوە:. أ- دارشتنی داخوازی. ب-بێ لە داخوازی .

أ-دارشتنی داخوازی(طلبی): ئەمیش بەچەند جۆرێك پێناسەی بۆ کراوە، لەوانەنووسەری عەرەب د.عبدالعزیز عتیق دەڵێت"ئەوەیە کەداوای داواکراوێك دەکات، هێشتا جێ بەجێ نەکراوە لە کات وساتی داواکردنە کە".(١٨) یان"ئەوەیە کە داوای شتێکت لێ دەکات، ئەوشتە لەکاتی داواکەدا هێشتا نەبوە، ئەگەر بوویێ و بابێتەوە مانای وایە داخوازیەکە بۆ مانای دروستی خۆی بەکارنەهاتووە.مانایەکی خوازەیی دەگەیەنێ".(١٩) هەروەها ئیدریس عەبدوڵلا دەڵێت" ئەوەیە کەداوای داواکراوێك دەکات، لەکاتی داواکردنەکە بەپێی بۆچوونی داواکەر هێشتا جێبەجێ نەبووە".(٢٠) دارشتنی داخوازیش دەبێتە چەند جۆرێکەوە:

یەکەم:فەرمان(الأمر): "ئەوەیە کە یەکێ لە ڕوانگەی دەسەڵات و گەورەیی یەوە داوای جێ بەجێ کردنی کارێك لە یەکێکی لە خۆی بەرەو ژێرتر بکات".(٢١) هەروەها عەبدولسەلام لە ماستەر نامەکەی دا دەڵێت"ئەویە داوای کردنی کارێکە لەڕوانگەی دەسەڵاتەوە".(٢٢) وە نووسەری مصری دەربارەی فەرمان دەبێژێ"ئەوەیە داواکار لە ڕووی دەسەڵاتەوە داوا لە گوێگر بکات هەستی بە ئەنجامی کارێك".(٢٣) وە هەروەها"بریتییە لەداوای بەجێهێنانی کارێك لەلایەن فرمانپێکراودا، فرمانەکە پابەندبوونێك لە فرمانپێکراو دروست بکات".(٢٤)

جۆرەکانی فەرمان: فەرمانیش وەکوزانستەکانی تر دەبێە دوو بەشەوە، ئەویش فەرمانی دروست وخوازەیی .

أ- فەرمانی دروست: واتە یەکێ لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە داوای جێ بەجێ کردنی کارێك لە یەکێکی لە خۆی بەرەو ژێرتر بکات. ئەمیش دەکرێتە دووبەشەوە. ١-بەهۆی بەکارهێنانی کرداری داخوازی:

( سەیرێ بکە لەبەرد و لەداری مەحەللەکان ) ( دەورێ بدە بە پرسش و تەفتیش و خوار و ژوور ) دن(١٨٤)

لێرەدا (نالی) داوا لە(با) دەکات پاش ئەوەی چووە نێو چەرگەی شارەوە، پێی دەڵێت سوورێك بخۆوە هەموو شوێنەکان سەیربکەو پرسیاربکە بزانە چی لە شوێنی خۆی ماوەو چی نەماوە.

٢- بەهۆی بەکارهێنانی(با)لەگەڵ کرداری ڕانەبردوو:لە جۆرە بداخەوە هیچ نموونەیەکمان بەدی نەکرد لە هەردوو چامەکە.

ب-فەرمانی خوازەیی: جاری وا هەیە فەرمان لەواتای دروستی خۆی دەردەچێ کە داوای بەجێ هێنانی کارێکە لەڕووی زەبر بەدەستی یەوە و واتایەکی تر دەگەیەنێ کە لەڕەوتی ڕستەکەدا دەردەکەوێت ئەمیش فەرمانی خوازەیی. ئەمیش چەند جۆرێکی لێی دەردەکەوێت: {پاڕانەوە، ئامۆژگاری، هاندان، نزا...هتد}.

١-پاڕانەوە: لێرەدا مەبەستی سەرەکی فەرمانەکە ئەوەیە کە کارێکی بۆ ئەنجام بدا، بەڵام لێرەدا داواکردنەکە بە شێوەیەکی پاڕانەوەیە بۆ جێ بەجێ بکردنی داخوازی یەکەی.

( توو خودا بڵێ بە حەضرەتی (نالی): دەخیلی بم ) ( بەم نەوعە قەد نەکا بە سولەیمانییا گوزەر)دس(٣٤٠)

لێرەدا سالم (با) ڕاسپێرێ و بە نالی بەڵێ، کە باروودۆخی سلیمانی ناخۆشە، تۆخوا بچۆ پێی بڵی، جارێ با نەگەڕێتەوە، تا شاری سولەیمانی ئەمە حاڵی بێت چونکە ئەو کەسێکی خاوەن بیرێکی ئازادەو، کەسێ لەم جۆرەش لێرەدا چێی نابێتەوە.

٢-ئامۆژگاری: ئامۆژگاری وئاگادارکردنەوەی تێ دابێ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان چەند کەسانی تر.

( هیممەت کە چابوکانە بە ئیجرایی مەطلەبم )( لەمسەر بڕۆ وەکوو بەریدو لەوێ بێ وەکوو تەتەر )دس(٣٣٣)

داواکارییەکی بەجەخت گورجانە بۆ چێ بە چێکردنی داواکاریم، لێرەوە بڕۆ وەکو پۆستەچی و لەسەرخۆ بەڵام کەچی لەولاوە وەرەوە بەوێنەی تەتەر.

(هەم هەم عەنانی ئاهم و، هەم هەم ڕیکابی ئەشك)(ڕەحمێ بەم ئاە و ئەشکە بکە، هەستە بێ قوصوور دن(١٧٧)

واتە:خانووم ڕووخاو چیێم نەماو، هیچیشم بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە خەم پژارە و بەپێی ئاخ هەڵکێشان و فرمێسك ڕشتن بڕۆم. ئیتر گەر بزییت بەمندا نایێتەوە، بابەزەییەکت بەوانەدا بێتەوە، ئیدی هەڵسە، تۆ وەکو ئەوان نیت و ڕێت لێ وون نابێت بکەوە ڕێ بڕۆ.

٣-هاندان:لێرەدا دەبێت فەرمانەکە شێوەی هاندانی تێدابێت، وەك (نالی) بەم شێوەیە لەگەڵ با دەدوێت:

(وەك ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کۆیی یار)( وەك ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی (شیوەسوور)) دن(١٧٨)

لێرەدا نالی شاعیر فەرمان بە(با)دەکات کەوەك هەناسەکەی نالی بەرەو دەرگای ماڵ یار بەڕاکردن بڕوات، وەك هاندانێ لە(با) بۆ زانینی هەر هەواڵێکی یار.

٤- هەڵبژاردن:لێرەدا لە ئەنجامدانی فەرمانەکە هەڵبژاردی تیدابێت، واتە ئەو کەسەی کە فەرمان بەوکەسەی کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیەوە بێت دوو یان هەڵبژاردەی زیاتری بۆ دادەنێ بۆ ئەنجام دانی فەرمانەکە.

(واصیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم ) (چی ماوە، چی نەماوە، لەهەیوان و تاق و ژوور؟) دن(١٩٥)

لێرەدا (نالی) داوا لە(با) دەکات سەلامی بگەیێنیتە حوجرەکەی و، داواشی لێی دەکات لەنێو ژوورەکەدا سەیربکا تە هەموو شوێنەکانی هەیوان و حوجرەکە بزانێ چی لە شوێنی خۆی ماوەو چی نەماوە.

دووەم نەهێشتن: ئەمەش چەندین پێناسەی بۆکراوە لەوانە ئەحمەد هاشمی دەڵێت نەهێشتن واتە"داوای وازهێنانی لە ئەنجامدانی کارێك بکەی لەڕووی دەسەڵات وگەورەیی یەوە".(٢٥) هەروها لای خۆمانیش عەزیز گەردی دەڵێت"ئەمەش هەر فەرمانە، بەڵام نەك فەرمانی جێ بە جێ کردنی کارێك، بەڵکو فەرمانی نەکرنی کارێك کە گوێگر خەرێك بێ یان بەتەمابێ یا لەوانەبێ بیکات".(٢٦) لەکوردی دا بۆ نەهێشتن دوو ئامراز هەیە:

أ-(مە):وەك نالی دەڵێت: (ئەمجا مەوەستە تا دەگەییە عەینی (سەرچنار))

(ئاوێکە پڕ لە نارو چنارو گوڵ و چنوور) دن(١٧٨)

نالی بە(با) دەڵێت: (ئەمجا مەوەستە واتە:بەردەوام بێت لەڕۆیشتن نەك بووەستێت)، بەردەوام دەبێت لە داواکردن لە(با) و دەڵێت پاش ئەوەی کە لە ئاوی شیوە سوور ڕەت بووی هیچ بەندمەبەو مەوەستە تادەگەیتە کانی سەرچنار، سەرچنار کانی ئاوێکی وایە پڕە لە هەنارو گوڵ و چنار و چنوور.

ب-(نە): هەروەها نالی: (داخلْ نەبی بە عەنبەری سارایی (خاك وخۆڵ))

(هەتا نەکەی بەخاکی (سولەیمانی)یا عوببور) دن(١٨١)

نالی پاش ئەوەی بای نارد بۆ سەرچنار پاشان وەك وەفایەك ناردی بۆ خاك خۆل بەلام چونکە مەبەستی خاك و خۆل نەبوو نەیهێشت بمینێتەوە ،بەڵکو یەکسەر ناردیەوە بۆ سلێمانی. هەروەها سالمیش نەهێشتنی بەکارهێناوەوە ئەویش لە ئەوزاری (نە) وەك لەم دێڕەی :

(ئەم مولکە نەظمي نابیٚ بە بیٚ ظه بطي واریثی)(بیٚ ئەو، بەقەصدی ئەم ظه رەفە، با نەکا سەفەر) دس(٣٤٠)

واتە:ئەم وولاتە بەبیٚ دەسەلاتی میراتگەرانی، کەبابانەکانن، کاری ڕێکوپێکی نابیٚ، هەروەها بەبیٚ بوونی ئەو بەرپرسیارە کوردانەی وولات، با (نالی) هەرگیز نیاز نەکا دووبارە سەر بکاتەوە بە سلێمانی و بێتەوە.

چوارەم بانگ: بانگیش بەهەمان شێوە وەك زانستەکانی تری دارشتنی داخوازی بە چەند شێوەکە باس کراوە: لەوانە "کە قسەکەر بانگی گوێگر بکات، داوای لێباکات وشیاربێتەوەو بچێتە لای ئەو"(٢٧).

هەروەها "بانگکردن داوای بانگکەرە لە بانگکراو بۆ ئەوەی وشیار بێتەوەو بەرو ئەو پەیامە بچیٚ"(٢٨)

( قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی یادی خۆش مروور)    (ئەی پەیکی شارەزا بەهەمووشاری شارەزوور)دن(١٧٤)

لەم هۆنراوەیەدا نالی بانگی بای کوزەر ئەکات و خۆی ئەکا بەقوربانی تۆزی ئەو ڕێگایەی تۆ بەسەری دا ئەڕۆی تۆ شارەزای هەموو کون و کەلەبەرێکی شاری شارەزووی و ڕێت لیٚ ون نابێت برۆ ئەم نامەیەم بۆ بگەیەنە. لەم هۆنراوەیەدا ئامرازی بانگ کردنە کە(ئەی) کە وەك خوازەیەك بانگی بای گوزەر ئەکات.

(جانم فیدایی سروەکەی ئەی بادەکەی سەحەر)  (ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو راهی پڕخەتەر) دس(٣٣٠)

لێرەدا(سالم) وەلامی نامەکەی (نالی) ئەداتەوە و"با"ی کردووە بە(بەرید) نامە بەر، ئەوەی جێی ئاماژەیە کە نالی نامەکەی لە شوێنێکی ئارام و ئاسوودە بۆ شارێکی پڕ شەڕ ناردووە و(سالم)یش بە پێچەوانەی لە شارێکی خامۆش و وێرانە بۆ شارێکی پڕ لە خۆشی دا ناردووە، واتە لێرەدا ئامرازی بانگکردنەکە(ئەی)کە جاریٚ بانگی(بادەکەی سەحەر)ئەکات و جاری دووەم بانگی (پەیکی موستەعید).

پێنچەم پرسیار: بۆ پێناسەکردنی بابەتی پرسیار بە چەند جۆرێك پێناسە کراوە لەوانە وەك عەزیز گەردی دەڵێت"ئەوەیە کە داوای زانینی شتێك بکەی پێشتر نەتزانیبیٚ و نەیزانی، بۆ ئەوەی تۆش ئاگادار بێت".(٢٩) هەروەها"داوای زانینی زانیاری یەکە کەلەکاتی پرسیارکردنەکەدا لەلایەن پرسیارکەرەوە نەزانرابێت".(٣٠)

یان دەتوانین بڵێین پرسیار واتە"داواکردنی زانیارییە لەبارەی شتێکەوە،پێشتر زانراو نەبووەو، پرسیارکەر هیچ دەربارەی نەزانیبێت".(٣١) ئیتر دەتوانین بڵێین نامەکەی نالی زۆرینەی هەر پرسیارە، بۆیە هەندیٚ لەو دێڕانەی چامەکەی(نالی)مان وەك نموونە بە کارهێناوە، کەچی نامەکەی سالم خۆی لەخۆیدا هەمووی هەواڵ گەیاندنە وەك ووەلامدانەوەیە بۆ(نالی)، پرسیارکردنەکەی(نالی) تەنیا لە نیشتمانەکەی نەبووە بەڵکو لە هاوڵاتیە کان و لە هەموو شوێن و جێگەیەك لەفەقیٚ و مەلا لە یادو یادگارەکانی وەلامی دەویٚ، وڵاتەکەی چەندە لا پیرۆز و خۆشەویست و ئەوەندەش نەتەوەکەی لا خۆشەویستە.

جۆرەکانی پرسیار: یەکەم: بەهۆی بوون و نەبوونی ئامرازی نەریٚ لەنێوان پرسیارەکەدا.

أ–پرسیاری بوون: ئەوەیە پرسیارەکە نەفی تێدانەبیٚ، وەکو:{ئایا کوێستان فێنکە}.

(سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو (خانەقا) بکە ) ( ئایا ڕەبیعی ئاهووە، یا چایری ستوور؟)دن(١٨٨)

نالی لە سەرەتای پرسیاریا لە وەزعی خانەقا بەبای خۆش گوزەر ئەڵیٚ کە یەکەم جار سەرت کرد بە دەرگای حەوشی خانەقادا چیمەنەکەت ئەکەوێتە بەرچاو جوان لێی ورد بەرەوەو بزانە وەك جاران شوێنی گەشت و ڕابواردنی ئاسکەکانە یاخود هێستری چوار پەل تیٚ بەرداوە، مەبەستی مەلا و خوێندەوار و ڕۆشنبیری ڕاستی تیا ماوە یان پڕە لە کەسانی نەفام و تێنەگەیشتوو.

ب–پرسیاری نەفی: ئەوەیە پرسیارەکە نەفی تێدابیٚ. وەکو((کتێبەکەت نەخوێندەوە؟)).لێرەدا کە کتێبە کەت نەخوێندەبێتەوە دەڵێی(نەخێر).بەلام ئەگەر خوێندبێتەوە لەوەلامەکە دەڵێی:{بەڵیٚ خوێندمەوە}

ئەم دێڕەی(نالی)یش باشترین نموونەیە: (داخۆ دەروونی شەق نەبووە؟ (پردی سەرشەقام) !)

( پیر و فوتادەتەن نەبووە؟ (داری پیرەمەسوور) !دن(١٨٤)

لێرەدا(نالی) پرسیار لە (پردی سەرشەقام) دەکات کە پردێك بووە لە نزیکی مزگەوتی مامۆستا مەلاحوسێن و ئەڵیٚ ئایا ئەو پردە وەك خۆی ماوە یاخود شەق بووە و فەوتاوە و هەروەها پرسیار لە(داری پیرەمەسوور)یش دەکات، بۆیە نالی بەو سۆزەوە ناوی ئەبا ئەم دوو شوێنە کە نالی پرسیاریان ئەکات سەرەخواری شار بوون مەبەستی نالیش ئەوەیە پرسیاری هەموو شارەکە بکات و بیپشکنیٚ.

دووەم: یاوا دەبێ پرسیارەکە هەڵبژاردنی تێیدابێ و دوو وەڵام هەبێ بۆئەوەی وڵامی ڕاست لە نێوانیان دا هەڵبژێرێ. وەکو: (داخو دەروونی صافە، گوڕەی ماوە (تانجەرۆ)!؟)

( یاخۆ ئەسیری خاکە بەلێلی دەکا عوبور؟)دن(١٨٨)

لێرەدا (نالی) پرسیار لە چەمی (تانجەڕۆ) دەکات کە چەمێکە لە سەرچاوەکانی سەرچنارەوە پەیدا دەبێ لە داوێنی سولەیمانیەوە لە بناری چیای گلەزەر دەدا بەرەو شارەزوور، ئنجا ئەڵێ ئایە کەسێ هەیە یاخود ماوە خەمی بخوات هەموو ساڵێ جۆمالی بکا بەهێز و گوڕەکەی جارانیەوە ئەڕوا یاخود پڕبووەتەوە و قوڕ و لیتە بەری گرتووە و لێخن بووە. یان لە دێرێکی تر پرسیار دەکات و دەڵێت:

(قەلبی مونەووەرە لە حەبیبانی نازەنین، ) (یا وەك سەقەر پڕە لە ڕەقیبانی لەندەهوور؟ )دن(١٩٠)

لەم دێڕەدا(نالی) پرسیار لە(ناوەوەی خانەقا) دەکات، ئایە ناوەوەی خانەقا کەسانی خۆشەویستی نازداری تیایە کە ئەبن بە مایەی ڕووناکی، وەك چۆن دڵی مرۆڤ بە یادی خوا ڕووناك ئەبێتەوە یاخود پڕە لە کەسانی بەدکار و سیاچارە وەك دۆزەخ کە پڕە لە گوناهبار و پیاو خراپی وا ڕێگای چاکەیان لە خەڵك ئەگرێت.

سێ یەم: یاوادەبێ کە پرسیارکەر لایەنێکی شتە پرسراوەکە نەزانێ وبییەوەی ئەو لایەنە بزانێ کە نایزانێ.

بەڵام لە هەردوو چامەکە لەم جۆرە نموونەیەکمان نەبینی.

ب-دارشتنی بێ لەداخوازی(غیر طلبی): بە چەندین شێوە باسی لێوەی کراوە لەوانە"ئەوەیەکەهیچ داواو هاندانی تێ دانەبێ، هیچ شتی وایشی تێدا نەبێ کە ڕووی دابێ وبڕابێتەوە مەبەستی پێی شتێکی تر بێ".(٣٢) هەروەها د.عبدالواحد مشیر دزەیی دەڵێت"هیچ داواو هاندانی تێدانییەو وەیا ڕودانی بڕاو و مەبەستی شاراوە تێدا نییەو چەند جۆرێکی هەیە".(٣٣) دارشتنی بێ لە داخوازی چەند جۆرێکی لێ دەبێتەوە، بەڵام تەنها: {سەیرهاتن، سوێند}مان بەکارهێناوە.

أ-سەیرهاتن(عاجباتی): ئەوەیە کە لە دێڕە هۆنراوە کە سەیرهاتنی تێدا بێ، وەك نالی دەڵێت:

(ئەی لوطفەکەت خەفییو هەوا خواە و هەمدەمە!)

( وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوضوور!) دن(١٧٥)

لێرەدا (نالی) دەڵێت لەگەڵ ئەوەی (با) بێدەنگ و لەسەر خۆیە بەهێمنی بەهەموو شوێنێك دەچێ، کەچی سروەکەتیش هەر مژدەیەکی خۆشی پێیە.

ب-سوێند: ئەوەیە کە لە دێڕە هۆنراوە کە سوێندی تێدا بێ،زۆرجۆری هەیە، وەك{ ئایینی، نەتەوایەتی ونشتیمانی ، خزمایەتی، یادو بیرەوەری، مەعنەوی}. وەك سالم دەڵێت:

(تووخودا بڵێ بە حەظرەتی (نالی): دەخیلی بم) (بەم نەوعە قەد نەکا بە سولەیمانییا گوزەر!!) دس(٣٤٠)

سالمیش هەروەها بەسوێندەوە دەڵێت:لە ڕێی خوادا بەحەزرەتی نالی بڵێ :مادام سولەیمانی ئەمەبارودۆخی بێت، با بەهیچ شێوەیەك تێ نەپەڕێ.

﴿ئەنجام﴾

لێرەدا بەچەند خاڵێك هەوڵ دەدین ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بخەینەڕوو:-

١-بەرجەستەبوونی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە چامەکانی(نالی وسالم)بۆتە هۆی دروستبوونی ئاوازێکی سەرنج ڕاکێش ، چونکە ڕەوانبێژی هونەرێکی باڵایەو دەورێکی باش دەگێڕێت لەڕازاندنەوەی زمان بەگشتی و زمانی ئەدەبی بەشێوەیەکی تایبەتی .

٢-گەلێك ووشەی نوێکاری لای (نالی وسالم) دەبینرێ، هەردوو شاعیریش داهێنان تێداکردووەو بەکاریهێناوە، چونکە ڕەوانبێژی ئەو بوارە فراوانەیە کە لە بەردەم شاعیردا دەکرێتەوە تا لە زمانە باوە کە بێتە دەرەوەو شیعریانە مامەڵە لەگەڵ زمان دا بکات .

٣-ئەم هونەرو لایەنە ڕەوانبێژیانەی لە شیعرەکاندا هەیە جگە لە بەهرەی شیعری پێویستی بە ڕۆشنبیری و شارەزایی شاعیر هەیە لەو هونەرو زانستانەدا ڕادەی ڕۆشنبیری و دەسەڵاتی(نالی وسالم) گەلێ فراوان و بەتوانابوونە، بەکارهێنانی ئەم هونەرە بەڵگەیە بۆ شارەزابوونیان لە زانستی ڕەوانبێژی .

٤-لە دوو چامەکەی (نالی و سالم)دا زۆربەی لایەنەکانی ڕوونبێژییان بەکار هێناوە بەزۆری هونەرەکانی لێکچواندن وە بە تایبەتی لێکچواندنی ئاسایی.

٥- زۆرترین ئەو ئامرازنەی کە(نالی وسالم) بەکاریان هێنابێ ووشەی (وەك)ە.

٦-لە هەردوو چامەکەدا (سێ) لە جۆرەکانی ئامرازیان بەکارهێناوە:

أ–ئەو ئەوزارانەی کە لە بنچینەدا وشەی کوردین بریتین لە:{وەك، وەکو، دەڵێی، وێنە،ڕەنگ، .هتد}.

ب–ئەو ئەوزارانەی کە لە بنچینەدا وشەی عەرەبین بریتین لە:{شبە، مثالی، عینی، سورەت، ...هتد}.

ج– ئەو ئەوزارانەی کە لە بنچینەدا وشەی هاوبەشن نێوان کوردی وفارسی بریتین لە:{ئاسا}.

٧– لە زانستی جوانکاری زۆرینەی بابەتەکانیان بەکارهێناوە وەك لە ڕازانەوەی واتا: {ڕەگەزدۆزی، سەروادار، پاتکردنەوە، گێڕانەوە، کرتکردن، تێهەڵکێش}، بەلام لە ڕازانەوەی وشە وەك: {دژیەك، تیلنیشان، پێچان و کردنەوە، جوانی بایس، زیادە ڕۆیی، پۆشین، داهێنان}

***************************

**پەراوێز: بەشی یەکەم:**


١-سورة النساء ئاية ,٦٣

٢– عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی یەکەم، چ دار الجاحظ، ١٩٧٢ز، ل١٦.

٣- د.دیزییره سقال، علم البيان بين النظريات والاصول، دار الفكر العربي، ط١، بيروت-لبنان، ١٩٩٧م، ص,٣٢

٤- د.ناصر حلاوى وأخرون، البلاغة و التطبيق للصف الخامس الادبي، ط١٦، جمهورية العراق وزارة التربية، ٢٠٠٧م، ص,٥

٥-السيد أحمد الهاشمي، جواهر البلاغة في المعانى و البيان والبديع، مؤسسة المعارف، بيروت، لبنان، ط(٤)، ٢٠٠٨م، ص٤٣

٦-علي الجارم و مصطفى أمين، البلاغة الواضحة، البيان و المعانى و البديع، دمشق، سوريا، ص,١٣

٧-د.بسيونى عبد الفتاح فيود، علم المعاني، مؤسسة المختار للنشر و التوزيع، القاهرة، ط(٣)، ٢٠١٠، ل,٣٩

٨– علا الدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ دووەم، چاپخانەی معارف، بەغداد، ١٩٧١ز، ل٥٨.

٩– د. عەبدوڵلا خدر مەولوود، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی، چ یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤ز، ل,١٤٧

١٠– حەمە نوری عومەر کاکی، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چ یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨ز، ل٩٨.

١١– د.ئیدریس عەبدوڵلا، شێواز، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٢ز، ل,٦١

١٢– عەزیز گەردی ، سەرچاوەی پێشوو، ل,١٧

١٣–مەسعود یاسین چەلکی، ڕۆڵی هونەرێن ڕوونبێژی دچیکرناوتنێی هۆزانێ کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل,٢٨

١٤–ڕۆکان گوریل شعیا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری فولکلۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیژی زمان زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤، ل,١١

١٥–زانا یاسین عبید، هونەری جوانکاری لەشیعری(حەمدی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٦ز، ل٣٤.

١٦- علي جارم-مصطفى أمين، البلاغة الواضحة، ط الأخير، دمشق، ٢٠٠٧م، ص,٢٦

١٧- د.ديزييره سقال، علم البيان بين النظريات والاصول، دار الفكر العربي، ط١، بيروت-لبنان، ١٩٩٧م، ص,١٤٥

١٨-د.أحمد مطلوب و د.كامل حسن البصير، البلاغة و التطبيق، دار الاثير للطباعة و النشر، جامعة الموصل، ط(٢)، ٢٠٠٦، ص,٢٥٢

١٩-د.بسيونى عبد الفتاح فيود، علم المعاني، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة، ط(٣)، ٢٠١٠، ل,١٣

٢٠–قورئانی پیرۆز: سورەتی الرحمن (١–٤).

٢١- د.ناصر حلاوى وأخرون، نفس المصدر، ص٥.

٢٢–نوزت احمد عثمان، ڕوونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردی بە نموونەی(مەلای جزیری و نالی)، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩١ز، ل٢٩

٢٣- علي جارم-مصطفى أمين، نفس المصدر، ص,٢٦

٢٤– د.دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ:١، سلیمانی، ٢٠٠٧، ل١٧٠.

٢٥– بێستون عوسمان و ئاشنا سالار، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی زانستی و وێژەیی و پیشەیی، چ دیلان، سلێمانی، ٢٠٠٦ ل,١١٠

٢٦- د.وداد نوفل، علم البيان، الاسكندرية، مؤسسة حورس الدولية، ط(١)، ٢٠٠٥،ص,٩

٢٧- موحسين ئەحمەد مصطفى گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی–ڕوونبێژی–جوانکاری)، چ:١، نارین، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٢٣.
٢٨- د.احمد مطلوب، البلاغة العربية، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٠، ص١٧٥.
٢٩- سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧٣-٨٠ .
٣٠-د.بندر علي أكبر، الشاعران الكورديان"نالي وسالم"بين المؤثرات العربية والفارسية، دراسة مقارنة، مجلة الفتح، جامعة كلار، ٢٠١٢، ص٢١٣.
٣١-عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی یەکەم، دار الجاحظ، بغدا، ل٥٠
٣٢-موحسین ئەحمەد مصطفى گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی–ڕوونبێژی–جوانکاری)، چ:١، نارین، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٤٧
٣٣- د.ئیدریس عەبدوڵلا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چ:١، هەولێر ، ٢٠١١ز، ل١٣٩
٣٤- د.ئیدریس عەبدوڵلا، شێواز، چ:١، هەولێر ، ٢٠١٢ز،ل٧٤
٣٥-عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی یەکەم، (دار الجاحظ)، بغدا، ل٦٧
٣٦-د.ئیدریس عەبدوڵلا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چ:١، هەولێر، ٢٠١١ز،ل١٦٤ .
٣٧-د.محمد علي سلطاني، المختار من علوم البلاغة والعروض، ط(١)، دار العصماء، دمشق،٢٠٠٨،ص١١٧
٣٨-علاءالدين سجادی، خوشخوانی(گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چاپخانە المعارف، بغدا، ١٩٧٨. ل٥٦.
٣٩-د.محمد ربيع، علوم البلاغة العربية، ط(١)، دارالفكر، عمان، الاردن، ٢٠٠٧، ص٩٥
٤٠-د.ئیدریس عەبدوڵلا، شێواز، چ:١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٢ز،ل٨٩
٤١-د.ئیدریس عەبدوڵلا، شێواز، چ:١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٢ز،ل٨٦
٤٢-د.ئیدریس عەبدوڵلا، شێواز، چ:١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٢ز،ل٨٨
٤٣-د.ئیدریس عەبدوڵلا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چ:١، هەولێر، ٢٠١١ز،ل١٦٥ .
٤٤-أحمد الهاشمي، جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، دار الكتب العلمية، ط(٤)،بيروت،٢٠٠٢، ص٢٩٢.
٤٥-د.ئیدریس عەبدوڵلا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چ:١، هەولێر، ٢٠١١ز،ل١٦٦ .
٤٦-د.ئیدریس عەبدوڵلا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چ:١، هەولێر، ٢٠١١ز،ل١٨٥ .
٤٧-عەبدول سەلام سالار عەبدولرحمان، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری(نالی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی سولەیمانی، ٢٠٠٠، ل٨١
٤٨-هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێ کەس دا، چ(١)، سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل٩٤
٤٩- هەژار فەقێ سلێمان حسێن، ڕوونبێژی لە شیعری مەحوی دا، چ:١، سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤، ل١١٣.
٥٠-ارسطو، فن الشعر، ترجمة: عبدالرحمن بدوی، بدون سنة الطبع، ص١١٦ .
٥١-سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٣٨.

پەراوێز :بەشی دووەم:

١- علي جارم-مصطفى أمين،نفس المصدر،ص٣٤٦.
٢-د.ئیدریس عەبدوڵلا جوانکاری لەئەدبی کوردیدا، سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٣ز، ل٩.
٣- قورئانی پیرۆز:سورەتی بقره ئایەتی(١١٧).
٤- د. عەبدوڵلا خدر مەولوود، هەمان سەرچاوە، ل١٥٢
٥- د.ناصر حلاوی وأخرون، نفس المصدر، ص٥.
٦- پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٦٧.
٧-عەلائەدین سەجادی، خۆشخوانی، ل١٢٧.
٨- د. ئیدریس عبدالله، کوردۆ لۆژی ، چاپخانەی هێڤی، چاپی دوازدەهەم، هەولێر، ل١٦٤-١٦٥.
٩-گیو موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، چاپخانەی کوردستان، چ یەکەم، هەولێر،٢٥٧٣ ی کوردی، ل٢١١
١٠-ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا،چاپخانەی مەهارەت، چ یەکەم، تەهران، ٢٠٠٦، ل٥٧٨
١١-بروانە عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم، ل٢٨
١٢- د.ئیدریس عبدالله، لایەنە ڕەوانبێژیەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، ل٢٤٧.
١٣- عەبدول سەلام سالار عەبدولرحمان، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری(نالی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی سولەیمانی، ٢٠٠٠، ل١٥٨

١٤- زانا یاسین عبید، هونەری جوانکاری لە شیعری(حەمدی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٦ز، ل٧٢.
١٥- ڕۆکان گوریل شعیا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری فولکلۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیژی زمان زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤، ل٨٨،
١٦- د.ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لەئەدبی کوردیدا، سەردەم، سلیمانی،٢٠٠٣ز،ل٥٧.
١٧- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی یەکەم، (دار الجاحظ)، بەغدا، ١٩٧٢، ل٥٢،
١٨- عەلائەدین سەجادی، خۆشخوانی، ل١٥٥.
١٩-د.ئیدریس عبدالله، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، ل٢٢٨.
٢٠-عەلائەدین سەجادی، خۆشخوانی، ل٨٢،
٢١- لهۆن قادر عبدالرحمن، دوالێزمی دژیەك لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزیدا، چ(رجایی)، تاران، چ(١)،٢٠١٤،ل٢٢،
٢٢-د.ئیدریس عبدالله، جوانکاری لە شیعری کلاسیکی کوردی، ل٨٦.
٢٣-د.ئیدریس عبدالله، لایەنە ڕەوانبێژیەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، ل٢٩٤،
٢٤-د.محەمەد نوری عارف، فەرهەنگی شاعیران (نالی ، سالم، کوردی)، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٤٧٩،
٢٥-عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەشی دووەم(جوانکاری)، ١٩٧٥، ل٧٠،
٢٦- عەلائەدین سەجادی، خۆشخوانی، ل١٠٤.
٢٧-د.ئیدریس عبدالله، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، ل١٠٨.
٢٨-مەلا عبدالکریمی مدرس، بەدیع وعەرووزی نامی، چاپخانەی(دار الجاحظ)، بەغدا، ١٩٩١، ل١٦،
٢٩-د.ئیدریس عبدالله، جوانکاری لە ئەدەبی کوردی دا، ل١٠٥.
٣٠-أحمد الهاشمي، جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، دار الكتب العلمية، ط(٤)،بيروت،٢٠٠٢، ص٢٤٧.
٣١- ڕۆکان گوریل شعیا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری فولکلۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیژی زمان زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤، ل١٠٢،
٣٢- زانا یاسین عبید، هونەری جوانکاری لە شیعری(حەمدی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٦ز، ل١١٤.
٣٣- عەبدول سەلام سالار عەبدولرحمان، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری(نالی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی سولەیمانی، ٢٠٠٠، ل١٩٩.

**پەراوێز: بەشی سێ یەم:**

١- د.ناصر حلاوي وأخرون، نفس المصدر، ص٤.
٢- علي جارم-مصطفى أمين، نفس المصدر، ص١٨٤،
٣-أحمد مصطفى المراغي، علوم البلاغة، ط(٤)، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، ٢٠٠٧، ص٤١،
٤-محمد سعید ابراهیم، گەشتێ لە عیلمی بەلاغە، مهابات،١٣٦٤، ل٥،
٥-عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، واتاناسی، بەرگی سێ یەم، سلێمانی، ١٩٧٩، ل١٥،
٦- عەبدول سەلام سالار عەبدولرحمان، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری(نالی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی سولەیمانی، ٢٠٠٠، ل٢٢٥،
٧-د.ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا ،لایەنێکی ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٥،
٨-موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی-ڕوونبێژی-جوانکاری)، چ:١، نارین، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٩.
٩- ڕۆکان گوریل شعیا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری فولکلۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیژی زمان زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤، ل١٠٧،
١٠-د.عبدالواحد مشیر دزەیی، پراکماتیك و ڕەوانبێژی، چ(١)، هەولێر، ٢٠١٥، ل١٤٧.
١١- علا الدین سجادی، دوو چامەکەی نالی وسالم، چاپخانەی معارف، بەغداد، ١٩٧٣ز، ل٩٥،
١٢-السيد احمد الهاشمي، جواهر البلاغة في المعاني و البيان و البديع، القاهرة، ٢٠٠٩ ، ص٧٥،
١٣-عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، واتاناسی، بەرگی سێ یەم، سلێمانی، ١٩٧٩، ل٢٩.
١٤- عەبدول سەلام سالار عەبدولرحمان، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری(نالی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی سولەیمانی، ٢٠٠٠، ل٢٣٦،
١٥- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، چەند لایەنێکی ڕەوانبێژی لە شیعرەکانی مەدحەت بێخەودا، گ(نووسەری نوێ)، ژ(٣٠)، ٢٠٠٥، ل٤-٣٣.
١٦- ڕۆکان گوریل شعیا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری فولکلۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیژی زمان زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤، ل١٢٤
١٧- محمد سعید ابراهیم، گەشتێ لە عیلمی بەلاغە، مهابات، ١٣٦٤ ، ل٢٢،

١٨-د.عبدالعزيز عتيق، علم المعاني، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان، بدون سنة الطبع، ص,١٤٣

١٩-عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، واتاناسی، بەرگی سێ یەم، سلێمانی، ١٩٧٩، ل,٢٩

٢٠-د.ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنێکی ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١١، ل,٤٤

٢١- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، واتاناسی، بەرگی سێ یەم، سلێمانی، ١٩٧٩، ل,٣١

٢٢- عەبدول سەلام سالار عەبدولرحمان، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری(نالی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی سولەیمانی، ٢٠٠٠، ل,٢٣٧

٢٣-د.بيسيونى عبدالفتاح فيود، علم المعاني، ط(٣)، مؤسسة المختار، القاهرة، ٢٠١٠،ص,٣٦٥

٢٤-ڕۆکان گوریل شعیا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری فولکلۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیژی زمان زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤،ل١٢٧

٢٥- احمد الهاشمي ، جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، القاهرة، ٢٠٠٩ ، ص,٦٩

٢٦-عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، واتاناسی، بەرگی سێ یەم، سلێمانی، ١٩٧٩، ل,٣٤

٢٧- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، واتاناسی، بەرگی سێ یەم، سلێمانی، ١٩٧٩، ل,٤٥

٢٨-د.ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، هەولێر، ٢٠١١، ل,٧٢

٢٩- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، واتاناسی، بەرگی سێ یەم، سلێمانی، ١٩٧٩، ل,٣٧

٣٠- عەبدولسەلام سالار عەبدولرحمان، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری(نالی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی سولەیمانی، ٢٠٠٠، ل,٢٤٥

٣١-د.بيسيونى عبدالفتاح فيود، علم المعاني، ط(٣)، مؤسسة المختار، القاهرة، ٢٠١٠،ص,٣٠٥

٣٢- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، واتاناسی، بەرگی سێ یەم، سلێمانی، ١٩٧٩، ل,٢٩

٣٣- د.عبدالواحد مشیر دزەیی، پراکماتیك وڕەوانبێژی، چ(١)، هەولێر،٢٠١٥،ل١٥٥.

**سەرچاوەکان:**

*** قورئانی پیرۆز.**

**١) سەرچاوە کوردییەکان:**


١-د.ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە ئەدبی کوردیدا، سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٣ز .

٢- د.ئیدریس عەبدوڵڵا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چ:١، هەولێر ، ٢٠١١ز.

٣- د.ئیدریس عەبدوڵڵا، شێواز، چ:١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٢ز.

٤- بێستون عوسمان وئاشنا سالار، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی زانستی و وێژەیی و پیشەیی، چ دیلان، سلێمانی، ٢٠٠٦ز.

٥- پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩ز .

٦- حەمە نوری عومەر کاکی، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چ یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨ز.

٧- د.دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ:١، سلیمانی، ٢٠٠٧ز .

٨-سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢,

٩-مەلا عبدالکریمی مدرس، بەدیع وعەرووزی نامی، چاپخانەی(دار الجاحظ)، بەغدا، ١٩٩١م .

١٠-د.عبدالواحد مشیر دزەیی، پراکماتیك وڕەوانبێژی، چ(١)،هەولێر،٢٠١٥ز .

١١- علاء الدين سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ دووەم، چاپخانەی معارف، بەغداد، ١٩٧١ز.

١٢- علاء الدين سجادی، دوو چامەکەی نالی وسالم، چاپخانەی معارف، بەغداد، ١٩٧٣ز .

١٣-علاءالدين سجادی، خوشخوانی(گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چاپخانە المعارف، بەغدا، ١٩٧٨,

١٤- د.عەبدوڵڵا خدر مەولود، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی، چ یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤ز.

١٥- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی یەکەم، چ دار الجاحظ، ١٩٧٢ز.

١٦-عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەشی دووەم(جوانکاری)، ١٩٧٥ .

١٧-عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، واتاناسی، بەرگی سێ یەم، سلێمانی، ١٩٧٩ز .

١٨-لهۆن قادر عبدالرحمن، دوالێزمی دژیەك لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزیدا، چ(رجایی)، تاران، چ(١)، ٢٠١٤ز .

١٩-محمد سعيد ابراهيم، گەشتێ لە عیلمی بەلاغە، مهابات،١٣٦٤- ١٩٨٥ز .

٢٠-د.محەمەد نوری عارف، فەرهەنگی شاعیران (نالی ، سالم، کوردی)، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧م .

٢١-مەسعود یاسین چەلکی، رۆڵی هونەرێن رەوانبێژی دچیکرناوتنێی هۆزانێ کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢ز.

٢٠- موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی، بەهاری رەوانبێژی(واتاناسی-رەوانبێژی-جوانکاری)، چ:١، نارین، هەولێر، ٢٠١٣ز.

٢١-هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێ کەس دا، چ(١)، سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٩ز.

٢٢- هەژار فەقێ سلێمان حسێن، رەوانبێژی لە شیعری مەحوی دا، چ:١، سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤ز.

ب//دیوان:

١- سالم، محمدی مەلا کریم، ئا:صدیق سالح، بەرگی(١)، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٥ز.

٢- نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ومحمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦ز .

ج//نامەی ماستەرو دکتورا:

١-رۆکان گوریل شعیا، هونەرەکانی رەوانبێژی لە شیعری فولکلۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیژی زمان زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤ز.

٢-زانا یاسین عبید، هونەری جوانکاری لەشیعری(حەمدی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی راپەرین، ٢٠١٦ز .

٣-عەبدول سەلام سالار عەبدولرحمان، هونەری رەوانبێژی لە شیعری(نالی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی سولەیمانی، ٢٠٠٠ز .

٤-نوزت احمد عثمان، رەوانبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردی بە نموونەی(مەلای جزیری و نالی)، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩١ز .

د//رۆژنامەوگۆڤارەکان:

١- ئیدریس عەبدوڵلا، چەند لایەنێکی رەوانبێژی لە شیعرەکانی مەدحەت بێخەودا، گ(نووسەری نوێ)، ژ(٣٠)، ٢٠٠٥ ز.

٢- د. ئیدریس عەبدوڵلا و نووسەرانی تر، کوردۆ لۆجی، چاپخانەی هێڤی، چاپی دوازدەهەم، هەولێر،٢٠١٤ز .

٣-سەردار ئەحمەد گەردی، ئەوزاری لێکچواندن لە شیعری کوردیدا، گ، رۆشنبیری نوێ، ژ(١٤٤)، ساڵی، ٢٠٠٠ز .

ه//فەرهەنگ:

١-رزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا، چاپخانەی مەهارەت، چ یەکەم، تەهران، ٢٠٠٦ز .

٢- گیو موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، چاپخانەی کوردستان، چ یەکەم، هەولێر، ٢٥٧٣کوردی، .

****************************************

٢) سەرچاوە عەرەبییەکان:

١-أحمد مصطفى المراغي، علوم البلاغة، ط(٤)، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، ٢٠٠٧م .

٢- د-احمد مطلوب، البلاغة العربية، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٠م .

٣-د.أحمد مطلوب و د.كامل حسن البصير، البلاغة و التطبيق، دار الاثير للطباعة و النشر، جامعة الموصل، ط(٢)، ٢٠٠٦م.

٤-أحمد الهاشمي، جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، دار الكتب العلمية، ط(٤)،بيروت،٢٠٠٢م .

٥- ارسطو، فن الشعر، ترجمة: عبدالرحمن بدوى، بدون سنة الطبع .

٦-د.بسيونى عبد الفتاح فيود، علم المعاني، مؤسسة المختار للنشر و التوزيع، القاهرة، ط(٣)، ٢٠١٠م .

٧-د.بندر علي أكبر، الشاعران الكورديان"نالي وسالم"بين المؤثرات العربية والفارسية، دراسة مقارنة، مجلة الفتح، جامعة كلار، ٢٠١٢، ص٢١٣.

٨- د.ديزييره سقال، علم البيان بين النظريات والاصول، دار الفكر العربي، ط١، بيروت-لبنان، ١٩٩٧م.

٩-د.عبدالعزيز عتيق، علم المعاني، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان، بدون سنة الطبع .

١٠-علي الجارم و مصطفى أمين، البلاغة الواضحة، البيان و المعاني و البديع، ط الأخير، دمشق، ٢٠٠٧م.

١١-د- محمد ربيع، علوم البلاغة العربية، ط(١)، دارالفكر، عمان، الاردن،٢٠٠٧م .

١٢-د- محمد علي سلطاني، المختار من علوم البلاغة والعروض، دار العصماء، ط(١)، دمشق،٢٠٠٨م .

١٣- د.ناصر حلاوى وأخرون، البلاغة و التطبيق للصف الخامس الادبي، ط١٦، جمهورية العراق وزارة التربية، ٢٠٠٧م .

١٤- د-وداد نوفل، علم البيان، الاسكندرية، مؤسسة حورس الدولية، ط(١)، ٢٠٠٥م .

****************************

# Abstract

Nali and Salem are among the most prominent classical poets and two of the most active poets in rhetorical art, and their markings are shown through their poetic productions. In this research, which is entitled by the reflection of rhetoric in poets of Nali and Salem, we chose two well-known poets in Kurdish literature, who lived in the nineteenth century A.D, and they are (Nali and Salem), which were two of the main pillars, out of the three pillars of the classical school in Kurdish poetry, and lived under the prosperity of the Kurdish Emirate of Baban, and then suffered from the collapse of the emirate and fall, and tasted the bitterness of submission and displacement and humiliation under the Turkish Ottoman power, Persian Qajar. We have chosen from the product of the above referred poets, two famous destinations in the circles of writers, historians and intellectuals Kurds interested in Kurdish literature and history, namely, (Qurbani toze regetim ey badi xosh Murur!) of Nali and Salem's poem (Ganem fidayi sirweket ey badekey seher!) The first poem is written by (Nali), when he was in the country of alienation to the owners in Sulaymaniyah who lived under the Ottoman occupation, asking them about beloved people and news of the city, and what happened to them after him, and answered by (Salem) in the second poem which was filled with bitterness and sorrow.

The research aims at diagnosing the humanitarian aspects, nostalgia and separation, as it was an intimate friendship, and they were also descendants of the Babanian Emirate, which ruled the region and whose center was the present city of Sulaymaniyah. (Nali) through his poetic poem, which distinguishes it from the rest of his poems, wanted to formulate it in the form of a message expressing the sincerity of his feelings and nostalgia to his home after his break up because of a trip to the country of Hijaz to perform Hajj. On his return, he spent a period of time in the Levant, apparently hearing about the bad conditions that the emirate experienced because of the Turkish occupiers. (Nali) wanted to be sure of that, so he sends his poem to the poet (Salem), who responded not to take the risk to come to the emirate that has fallen under Ottoman influence.

The research is divided into three sections. In the first section we know the science of rhetoric and the science of the statement and in light of the poetic examples of both poets, we refer to the sections of the statement in particular metaphor and simile. In the second section we refer to the science of stylistic and it is divided into two axes, the first refers to the decoration of the word, and the second axis refers to the decoration of the meaning. But in the third section we deal with the meanings, especially the news and the establishment, then there is a reference to the goals and abstract of the research in Arabic and then the footnotes and the references were written down.